# یەکبوون

YEKBUN

UNITED
کوردستان
KURDISTAN

**کوردستان یەک نیشتمان و کورد یەک نەتەوەیە و دابەشکراوە**

ڕێبەندان : ٢٧١٤ | یەکبوون ژمارە : ٥٨ | January : 2015



## پێشەوا قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان

# ٢ی ڕێبەندان

# ٦٩

**کۆماری کوردستان لە ئاسمانی تاریک و لێڵی سەردەمی درێژی ژێردەستی گەلی کورد دا وەک ئەستێرەیەکی پرشنگدار دەدرەوشێ. راستە ئەم ئەستێرەیە زۆر زوو ئاوا بوو. بەڵام ئێستاش هەر رووناک کەرەوەی رێگای خەباتی دژواری گەلی کوردە.**

شەهید. د. قاسملوو

رەحمان نەقشی






# کۆماری دێموکراتیکی کوردستان

ڕەزا ئەمینی

کۆماری دیموکراتیکی کوردستان (٢ / ١١ /١٣٢٤ی هەتاوی) ( ٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦ی زایینی) سەرەتای دیسکۆرسی نوێ لە واتای کوردایەتیو وەڵامی لە مێژینە بە پرسی نەتەوەی کوردە، کە بالانسی کوردی لە نێو هاوکێشەکانی ناوچەییو جیهانی بردە ئاستێکی باشتر.کاراکتێری پۆزیتیڤی کۆماری کوردستان، لە سەر گۆرانکارییە مێژووییەکانی هاوچەرخ کێشەی کوردی بەرەو فازێکی مۆدێرنیتەگەری پاڵ پێوەنا.لە سەر ئەم دیاردە سیاسیو نەتەوەییە لێکۆڵەرانو شارەزایانی ئەو بوارە ،پێداچوونەوەی زانستی فرە ڕەهەندیان ئاراستە کردوەو هەر نووسەری لە ڕوانگەی خۆیەوە ئەم بابەتەیان تاوو توێ کردوە. تەنانەت دژبەرانی مافو ئازادیو ئامانجەکانی کوردیش ویستوویانە بە زەقکردنەوەی لایەنە نەرێنیەکانی بە دوای ئامانجی خۆیاندا بگەرێن. زۆر جار چەواشەکاریان بەو پەری خۆی گەیاندوە و هەولیان داوە لۆژیکو بەهای ئەم گرینگیە لە بایەخی خۆی بە تاڵ کەنەوە، تا ئەو دەرئەنجامەیان دەسکەوێ کە ئیرادەی نەتەوایەتی کورد بخەنە ژێر پرسیارەوەو ئەو تەوەهوومە ساز بکەن، کە گەلی کورد ڕێکخستنی نەتەوایەتی بۆ دامەزراوەی دەسەلاتی نەتەویی، لاوازە و گەرەکیانە ئەم بیرۆکە لە جێ دا خامۆش بکەن .



بە داخەوە تا ئێستاش ئەوانەی لە سەرکۆماری کوردستان نووسیویانە نەیانتوانیوە ڕوخساری کۆماری کوردستان لە هەموو ڕوویەکانەوە بێننە بەرباس و لێکۆلینەوەی گشتیگیر. جگە لە مێژووی نووسی کورد دوکتوور قاسملوو ئەویش بە شێوەی کورتە نووسین، لە سەر کۆمار هیندیک لایەنی زانستی تری بۆ ختووینە ڕوو. دیارە کەسانیکیتریش ئەو کارەیان ئەنجامداوە بەلام بۆشاییەک بە نووسینی ئەم ڕووداوەوە هەر دیارە.

لە جێدا کە باسی کۆماری کوردستان دێتە گۆرێ پرسیار گەلی جۆراوجۆر گەڵاڵە دەکرین، یەکێک لە پرسیارانە پێناسەی نەتەوەی کۆماری کوردستانە کە پێویستی بە شیکاری زیاتر هەیە.یا گرینگترین پرسیاری تر ئەوەیە ئایا کۆماری کوردستان ڕووداوێکی دەسکردی لاوەکی بوو؟ یان ئیرادەی نەتەوایەتی لە پێکهێنانیدا ڕۆڵی هەبووە؟ کۆمەلًگاو ڕێکخراوی سیاسی و حیزبی سەردەمی کۆمار بۆ لە پاراستنی ئەم دەسکەوتە نەتەوەییە ناکام مانەوە؟ هێزە کلۆنییالیستیەکان بۆچی لە حالێکدا بانگەشەی ڕزگاری نەتەوەکانیان کردبوویە دروشمی خۆیان کۆماری کوردستانیان بێ پشتیوان هێشتەوە؟

بۆ کرانەوەی دەلاقەیەک بە ڕووی پرسیاری لەو چەشنە، پێویستە ئاماژەیەکی کورت بە بارودۆخی گشتی کوردستان بکەین .

بە هۆی داگیرکرانی وڵاتی کوردستان لە لایەن هێزە داگیرکەرەکانەوەو داکۆکی هێزە کلۆنیالیستیەکانو نئۆکلۆنییالیستیەکانی دەرەوە لەو دەسەڵاتە داگیرکەرانە، خەباتو بەربەرەکانی کورد بۆتە ڕەمزێک بۆ نەتوانەوەی کوردو بەرخۆدان بۆتە پێویستی گەلە ستەم لێکراوەکەمان. ئەگەر سەیری مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کورد بکەین بەردەوام پرۆسەی داگیرکردنی کوردستان لە لایەن نەیارانێوەو ملکەچنەکردنی ئەو نەتەوەیە بە درێژایی مێژوو دووپاتو چەند

پات بۆتەوە و گەلێک جار کورد سەرکەوتنو سەرەنگرێبوونی بە خۆیەوە بینیوەو هۆکاری جۆراوجۆر بونەتە هۆی ناکامی کورد لە گەیشتن بە دەسەلاتی نەتەوەیی خۆی.گرینگترین هۆکار لەو پەیوەندییە دا، نارێکخراوی بوونی کورد بووە. ئەم ڕەوتە تا دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستانو پێکهاتنیکۆمار وەک لاوازییەکی بەرین بە بزووتنەوەکەوە دیار بوو. بەلام بۆ یەکەم جار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەم پێویستیە لە سەر دەمی کۆمار دا وەلامی پێدرایەوە . کە وابوو دژ کردەوی کورد لە بەرانبەر زۆرداریدا و دۆزینەوەی ڕێگە چارەکانی ئەو کێشەیە هێلی بنەمایی خەباتی کورد بووە و هێزیکی دەرەوەی ئەو فاکتۆرە رۆڵی لاوەکی گێراوە و هەلسەنگاندنی دۆخی کۆمار لە سەرو بەندی شەری دووهەمی جیهانیو هاتنی هێزە دەرەکیەکان، بۆ گورانکاری لە ناوچەکە شوێندانەری بە سەر قوزتنەوەی هەلەکە لە لایەن کوردەوە هەبووە، بەڵام بنەمای هەلوێستی نەتەوەیی بۆ کورد نەبووە... وەکی لە پێشدا ئاماژەی بۆ کرا کرداری رژیمە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکەو وەڵامپێنەدانەوەی لۆژیکی بە داخوازییە سەرەتاییەکانی کورد، لە هۆکارە بنە رەتیەکان بووە. بە واتایەکیتر ئەگە ر کورد بۆ خۆی پارسەنگ نەبووبێ، هیزە دەرەکیەکان نەیانکردۆتە ئەو پارسەنگە کە لە سەروبەندی دامەزراندنی کۆمار دا دۆخەکە پێکهات . لەو قۆناغە دایە " حدک" خۆی لە گەل داخوازییەکانی کورد موتوربە دەکا و کۆمار دادەمەزرێنێ . گومان هەڵنەگرە لە کاری سیاسی دا بەرژەوەندییەکانی لایەنێک لە گەڵ بەرژەوەندییەکانی، هێزێکی دەرەکی دەکەونە خانەی تۆلێرانسەوەو پێچەوانەکەشی هەر دەکرێ بێتە ئاراوە. ئەگەر ئەم بەرژەوەندییە لە سەردەمی شەری دووهەمی نێودەولەتی دا بە هۆی پشتیوانی دەسەڵاتی پادشایەتی لە فاشیزمو نازیسم و لایەنی بەرانبەری کە گەلی کوردەو لە بەرەی دژی فاشیزم دا قەرار دەگرێو حیزبە پێشرەوەکەی، خەباتی رزگاریخوازی کور د بە خەباتی نەتەوەکانی دیکەی ئێران و لە ئاستی نێو نەتەوەیشدا خەباتی گەلی کورد بە نەتەوەکانی هێرش بۆکراو بە هۆی فاشیزمەوە گرێدەدا، ئەوەیە کە پێناسەی نەتەوەییو پێشکەوتوانە بە کۆمار دەدا .

وەکی ئاماژەی پێکرا هاتنە بەرەی دەسەلاتی ئیران لە بەرەی فاشیستیدا دەرەتانی ئەوەی رەخساند. هێزە میلیشاییەکانی دەسەڵاتی رەزا شای پەهلەوی لە هەرێمی کوردستان لاواز بن.ئەوەش هەرگیز ناتوانێ واتای ئەوە بدا کە کورد خوازیاری هاتنی هێزە دەرەکیەکانو چاوە ڕێی ڕێگەچارەی ئەوان بێ لە راستی دا سیاسەتی دەسەڵاتە داگیرکەرەکانە، کە راستەوخۆو ناراستەوخۆ هێزە لاوەکییەکان دەکێشێتە گۆرپانە هەریمیەکان. ڕووداوەکانی سەردەمی کۆمار ئەم راستیەمان بۆ دەسەلمێنن. کە ئەگەر بەرژەوەندی زلهێزەکان بۆ دامەزراندنی پرنسیبە دیموکراتیکەکان کاتین، ئەوە ئەمرێکی ئیستراتیژیکی بۆ رێبەرایەتی بزاڤی رزگاریخوازی کوردە.




کۆمەڵگای ڕێکخراوو سیاسی سەردەمی کۆمار بە زۆر هۆ لە پاراستنی دەسەڵاتی نەتەوەیی کۆمار ناکام ماوە. گرینگترین هۆکاریش دەسەڵاتە زلهێزەکان بوون کە دەستی دەسەڵاتی ناوەندییان بۆ هیرشکردن ئاوەڵاهێشتەوە و بزوتنەوە نەتەوەییو دیموکراتیکەکان بێ پشتیوان مانەوە. بە ڵام پشتیان لە ئامانجەکانیان نەکردو ئەم قۆناغە لە سەرکەوتنی دیکتاتۆری نەیتوانی تا سەر بەردەوام بێ.

گەلی کورد بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونەکانی کۆمار تا هەنووکەش درێژەدەری خەباتی نەتەوایەتیەو تا دەست ڕاگەیشتن بە ئاواتەکانی کۆمار کۆڵ نادا.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی : ٢٢ی ژانویەی ٢٠١٢






# هێزە ئیسلامییەکان، دوو دیوی یەک دراون

ئازاد ئیبراهیم



لەدوای ڕووداوەکەی «یانزدەی سێپتەمبەر»ی ئەمریکاو ئەو کردەوە خۆکوژیو تیرۆریستیانەی لەدنیادا دەکرێن، دواتر بۆ کردەوەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی قاعیدە لەڕابردووداو بۆئێستای پرسی داعش وەک هێزێکی توندڕەو و داخراوی ئیسلامیو کردەوە دژە دیموکراسیو ئازادیو ئینسانییەکانیان لەدنیاداو دواتر بەتەنیشت ئەو مێژووە درێژەدا بۆ ڕووداوە تیرۆریستییەکەی سەر گۆڤاری «شارلی ئیبدۆ»ی ٧ / ١ / ٢٠١٥ ی فەڕەنسا، ئەمانە پێکەوە دەستەیەک کردەوەی هاوچونییەکن لەهەناوی هێزگەلێکی تیرۆریستیو توندڕەوی ناوچەکەو جیهانەوە هاتوونو هەرکەسێکیش بەئەندازەی ئاماژەکانی پشت کردەوەکانیان خوێندنەوەیان بۆدەکات، لەکۆی ئەو خوێندنەوانەدا کە بۆ ئەو کردەوەو هێزانە دەکرێت، هیچ یەکێک لەو کردەوانەو بکەرەکانیان نەخراوەتە دەرەوەی هێزێکی ئیسلامی موحافیزکارو تیرۆریستەوەو کردەوەیەکیان نابینینەوە کە سێبەری هێزێکی ئیسلامی بەسەریدا نەکشابێت.

ئەگەر بەمێژووی هێزە ئیسلامییە سیاسییەکاندا بچینەوە، لەنموونەیان(کۆمەڵی ئیسلامی) لەپاکستان کە «ئەبو عەلای مەومودی ١٩٠٣ بۆ ١٩٨٠» ڕابەرایەتی دەکرد، هەمیشە مەترسی گەورە بۆ ناوخۆی وڵاتو دەرەوەی پاکستانیش هەبووە، دواتر لەنموونەی ئەو هێزە ئیسلامییە توندەڕەوانە وەک «ئیخوان موسلمین» لەمیسر کە لە»بەننا»وە بۆ» سەید قوتب» دێت «١٩٢٨ _ ٢٠١٥ »، ئەم هێزە ئیسلامییە لەڕابردوودا بەردەوام لەشەڕو پلانی گەورەو ترسێنەردابووە بەرامبەر»جەمال عەبدولناسر»ی سەرۆک کۆمارو هێزە عەلمانییەکانی ناوخۆی میسر، لەئێستاشدا دەبینین هەمان ئیخوانەکەی جاران چی مەترسییەکە بۆسەر ئەو وڵاتەی کە بەیەکەم لانکەی ئیسلامی سیاسی ناودەبرێت، واتە لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین لەشەڕی «کۆمەڵی ئیسلامی»ەوە بۆ «ئیخوان»و بۆ ئێستای داعش وەک هێزێکی ئیسلامی سیاسی داخراو و توندڕەوی جیهانی، شەڕێکە لەپێناو بەشدارییان لەپرۆسەی سیاسییدا، بۆیە ئەو هێزانە لەڕوانگەی بنکەی جەماوەرییەوە کە ناتوانن بخزێنە نێو پرۆسەیەکی سیاسی دیموکراتو کراوەوە کە ئەجێنداو بەرنامەی ئەوان تێیدا جێگەی نابێتەوە، ئەوا لەبەرامبەردا دژە کرداری ئەو هێزە ئیسلامیانە ئەنجامدانی ئەو کردەوە تیرۆریستیو کوشتنو خوێنڕشتنەیە کە لەڕابردوودا بینیمانو لەفەڕەنسادا دوا هەنگاو دادەنێت.

بەبڕوای ئێمە هەموو هێزە ئیسلامییەکان تاوانبارن لەکۆی ئەو ڕووداوانەدا کە لەجیهاندا ڕوودەدەنو مایەی ترسو کوشتنو خوێنڕشتنە بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، بەواتایەکیتر هیچ هێزێکی ئیسلامی-سیاسی»بەتوندڕەو و بەمیانڕەوە» ناتوانێت لەدەرەوەی ئەو کردەوانە وەسفو سەنای خۆی بکاتو پێیوابێت ئەجێنداو مەهامی ئەو! جیاوازە لەهەر هێزێکی ئیسلامیتر، چونکە لەهەر بارێکدا ئەو هێزە ئیسلامیانە تەواوکەری یەک بەرنامەنو بانگەوازیان بۆ جیهان لەژێر یەک مەبەستو ناونیشاندایە لەباری ڕتکردنەوەی هەموو ئەو هێزانەشدا هەموویان خاوەن یەک ناونانن بۆ بەرامبەر کە ئەویش «تەکفیرە»، جگە لەم چەمکە بڕوایان بەوەڵامێکیتر نییە بۆ بەرامبەرێک کە نایەوێت بڕوایان پێبهێنێتو ئایینو بەرنامەیەکیتر بۆخۆی هەڵبژێرێت.

ئەگەر هەر هێزێکی ئیسلامیتر پێیوایە دەشێت ئەجێندای ئەوان لەگەڵ هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکاندا جیاواز بێت، ئەوا دیسان لەم بارەشدا هەر ئەو هێزە ئیسلامیانە تاوانبارن!، چونکە ئەگەر هێزێکی ئیسلامی میانڕەو لەدەرەوەی هێزە ئیسلامییە توندڕەو و ڕادیکاڵەکان هەیە، ئەی کوا بەرهەمی ئەو هێزە

میانڕەوانە؟. یان ئەو هێزە میانڕەوانە بۆ نەیانتوانیوە کاریگەریان هەبێت لەسەر وڵاتانو تاکەکان لەجیهاندا، بۆئەوەی وێنەی ئیسلامو پەیامەکەی بەهەڵە وەرنەگرن؟. ئەی ئەگەر ئەو هێزە میانڕەوانە جیاوازن، بۆ نەیانتوانیوە وێنەی ئەو هێزە توندڕەو و تاریک پەرستانە لەچاوی خەڵکیدا ناشیرین بکەنو نەهێڵن بەلێشاو گەنجو لاو تێکەڵیان ببێتو ببنە لایەنگریان؟ ئەی ئەگەر هێزێک هەیە بەناوی میانڕەو ئەی نابێت بەئەرکو بەرپرسیارێتی خۆی هەستێت؟ بەو پێیە ئەگەر هێزێکی ئیسلامیمان هەیە کە خۆی ناوناوە میانڕەو و لەدەرەوەی هێزە ئیسلامییە داخراوەکانەوەیە ئەوا ئەو هێزەش تاوانبارە، چونکە نەیتوانیوە وێنەیەکی جیاوازتری ئیسلامو پەیامی ئیسلامی پیشانبدات، بۆیە بەدڵنیاییەوە وەڵامی ئەو پرسیارانە روونەو لەهەر بارێکدا هێڵکاریەک یان رەنگرێژییەکی ئەو تۆ نییە لەنێوان ئەو هێزانەدا کە بتوانین سنوورو مەبەستو پەیامەکانیان بەباشی لێکتر جیابکەینەوەو وێنەیان بکێشین، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە هێزە ئیسلامییەکان بەتوندڕەو و میانڕەویانەوە دوو دیوی یەک دراونو هیچ جیاوازییەکیان نییە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی پێنوسەکان / ڕێکەوتی : ١٤ی ژانویەی ٢٠١٥

# کوردستان لەبەردەم گێژەڵووکەی سیاسی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا

مامۆستا ئارام

خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەهۆی هەڵکەوتنی لەناوەڕاستی شارستانیەتو زلهێزەکانی خۆرهەڵاتو خۆرئاواو باکووریشەوە، بەهۆی بوونی لەسەرەڕێی ئابووریو بەتایبەت بازرگانی ئەو هێزانەوە، بەهۆی سروشتی جوگرافیو سەرچاوە سروشتییەکانی ئابوورییەوە (بەتایبەت نەوتو گاز)، بەهۆی هەلومەرجی نالەباری سروشتیو بەتایبەت وشکبوونو بیابانیو جار هەبووە سڕینەوەی شارستانیو ئاوەدانی، بۆتە سەرچاوەی راکێشانو تێپەڕبوونو پەلامارو بەرەوڕووبوونەوەی چەندین لەشکرکێشیو ململانێی سیاسیو ئابووری گەورەی زلهێزە ناوچەییو نێونەتەوەییەکان. لەمێژووی کۆنەوە بەبەردەوامی شەپۆلی جیاجیای ئایدۆلۆژیو سیاسی بەسەردا هاتووەو بەئاراستەو رێبازی جیاوازدا ناوچەکەی راماڵیوەو، جاریش هەبووە لەتێکەڵیو تێکچرژاوی ململانێکان، گێژەڵوکەی سیاسی بەسەردا هاتووەو ناوچەکەی گیرۆدەی چەندین ئاراستەو سیستمی ئالۆزکاو کردووە. ئەوەش وایلێکردووە، کە بەسەر ئایدۆلۆژیاو ئاراستەی سیاسیو ئابووریو کەلتووریدا نەک هەر دابەش بێ، بەڵکو لەگەڵ شەپۆلی گۆڕانی ئەو ئاراستانەدا تووشی دابەشبوونەوەی تر ببێتو ببێتە مایەی ناجێگیرتر بوونو، سوڕانەوەیەکی بەرەوپێشو بەرەودوا لەرەوڕەوەی بزووتنەوەی ژیانیداو، لەئەنجامدا نەتوانێ وەک ناوەندێکی قورسایی بەردەوام پێگەی خۆی لەبەردەم زلهێزەکاندا رابگرێ، بەڵام لەبەردەوام لەبەرگرییو هەوڵی هەستانەوەش نەکەوتووە. وەکو وەرزەکانی ساڵ، وەرزی ئایدۆلۆژیو سیاسی جیاجیای هاتۆتەڕێ.



هەرچەندە ناوچەکە، لەقۆناغە مێژووییە جیاجیاکاندا، توانیویە بناغەی شارستانیو ئایدۆلۆژیو ئابووری خۆی دابنێو، تەنانەت گەیشتۆتە ئەوەی پەلیش بۆ خۆرهەڵاتو خۆرئاواو باکوورو باشووریش بهاوێ، بەڵام لەئەنجامی تێکرای ململانێکانو بەهێزتربوونی شارستانییەتەکانی تر، هەر نەیتوانیوە خۆی بگرێو، تێکوپێک دراوەو کەوتۆتەوە ژێر رکێفو کاریگەری ئەوانی تر. تائێستا چەندینجار، ناوچەکە هەوڵی خۆدروستکردنو خۆدروستکردنەوەی داوە، ماوەیەک سەقامگیرییەکی تێدا پەیدا بووەو خەریک بووە بکەوێتە سەرپێی خۆیو توانای ململانێیشی هەبێت، بەڵام یان شەپۆلی لەشکرکێشی بەسەردا

هاتۆتەوەو لاوازو وێران بۆتەوە، یاخود خۆی لە پێستی خۆی دەرچووە، گێچەڵی بەدەوربەری کردووە، ویستویەتی ئەوانی تر بشێلێت یان قوت بدا، بێئەوەی بنچینەی سیاسیو ئابووری درێژخایەنی پشتیوانی بەردەوامیی پەلهاوێشتنەکانی یان لەخۆڕابینینەکانی دانابێت، لەئەنجامدا لەبەرامبەردا شکاوەتەوەو دیسانەوەو کەوتۆتەوە ژێر رکێفی ئەوانی ترو، چەقی هێزەکانی خاپورکراوە یان لاوازکراوەتەوە. نیمچە دووبارەبوونەوەیەکی مێژوویی لەدیاردەی هەوڵی خۆدروستکردن، هاتنی شەپۆلی سیاسی، سەربازی، ئایدۆلۆژیو ئابووری دەرەکی، دامرکانو هەژانەوە، کەوتنو هەستانەوە، بەڕوخساری خۆرهەڵاتی ناوچەکەوە دیارەو، ئەوەش جۆرە تایبەتمەندێتییەکی پێداوە کە لەهەڵسەنگاندنو بەرنامەسازی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیشدا جێی بایەخەو، لە پێناوی ئەمڕۆو ئایندەدا، ئەو دیاردانەی رابردووی ئاوڕدانەوەیان دەوێ.

لەکاروانو وێستگە مێژووییەکانی شەپۆڵو باهۆزە سیاسیو سەربازیو ئابووریو ئایدۆلۆژییە فرەو جیاوازە دەرەکیو ناوخۆییەکانی ناوچەکەدا، وڵاتانو میللەتانی نێشتەجێ، بەئەندازەو شێوەی جیاواز، کاریگەری ئەو شەپۆڵو لەشکرکێشییانەیان بەرکەوتووە. وڵاتو شارستانیەتو میللەتی وا هەیە بەتەواوەتی یان بەئاستێک وێران بووە، لەناوچووە، لاوازو پەرتەوازەبووە یان لەنەخشەدا سڕاوەتەوە، هی واش هەیە باڵادەستیو زاڵبوونو شێرەبەشی بۆ ماوەتەوە. هی وا هەیە قوت دراوە، هی واش هەیە هی تری قوت داوە. لەو میانەدا، کوردستانیش، بەقوڵیو بەردەوام لەو وێستگەو گۆڕانگارییە مێژووییانەی ناوچەکەدا، شەپۆلی توندو پریشکی بەهێزی بەرکەوتووە، بەڵام بەردەوامیو زیندوویی لەدەست نەداوە. لەو پرۆسەیەشدا، بەپلەی جیاجیا پێگەو کاریگەری هەبووە لەدیاریکردنی ئەنجامی ئەو شەپۆلانەی بەر ناوچەکە کەوتوون. بۆیە خوێندنەوە بۆ کوردستانیش، وەکو ئۆرگانێکی زیندوو لەجەستەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، پێویستە بەوردی ئەو گرێدانە مێژووییەی لەگشت بوارەکاندا بەناوچەکەو دنیای دەرەوە هەیەتی، راڤە بکرێتو ئەو دەرسو پەندانەی لێی وەردەگیرێت، بکرێنە بەشێکی گرنگ لەسەرچاوەکانی دیاریکردنی کارنامەی سیاسیو ئابووریو فەرهەنگیدا.

لێرەدا، بەکورتیو جارێ هەر بۆ تام، گەشتێکی سەرپێی ئەو مێژووەی کۆنی ناوچەکەو شەپۆڵەکانی دەخەینەڕوو، بەقەد مەبەستی ئەم نووسینەو وردەکاریو شیکردنەوەکانی دەکرێت بۆ لێکۆڵینەوەی ورد بەجێبهێڵدرێ. ئەگەر بەخێرایی چاوپێخێشاندنێکی مێژووی ناوچەکە بکەین، چەند قۆناغو شەپۆلێک دەکەونە بەرچاو، لەوانە:

## جوانەمەرگبوونی شارستانییەتەکان

سەرەتاکانی مێژووی مرۆیی لەناوچەکەدا، بەنەشونماکردنی چەندین ناوەندی پەرەسەندنی ژیانداری چەند کۆمەڵێک دەستیپێکردو کە بەشێوەیەکی سەربەخۆ رەوتی گەشەسەندنی سەرەتاییان گرتەبەر، تا گەیشتنە دروستکردنی بنەماکانی دەوڵەتی خۆرسک، بەدانانی سیستمی ئابووری (کشتوکاڵو سنعەتکاری)و فەرمانڕەواییو یاساداریو کەلتوورسازیو ئۆرگانەکانی تری کە پێویستن بۆ شارستانیەتو دەوڵەت. بۆ نموونە: شارستانییەتەکانی ناوچەی میزۆپۆتامیاو ئەنادۆڵو میسرو ئێران، لەوانە: سۆمەریو فیرعەونیو هیتیتیو فارسیو میدیایو...هتد. بەڵام پاش ماوەیەک، ئەم دەوڵەتو شارستانیەتانە، کەوتنە وێزەی یەکترو هەر لەو کاتەوە، لەباتی سوود لەیەکتر وەرگرتنو هاوبەشیکردنی سەرچاوە پێویستەکان بەردەوامییو گەشەسەندنیان، یاخود لانیکەم لەکاتی داگیرکردنی یەکتردا سوود لەپاشماوەکانی شارستانیەتە داگیرکراوەکان وەربگرن، وێرانکردنو ئەتکردنو سڕینەوەو کوشتو بڕی یەکتریان کردە پیشەو کەلتوور، کە تائێستاش رەنگدانەوەو درێژەی هەیە. بەداخەوە رووداوەکانی دوای ئەوانیش، یارمەتیدەر نەبوون بۆ چاککردنەوەو دروستکردنەوەیانو هەر زیاتر بەخاپوری مانەوە. هەندێکیان، ئێستاش شوێنەوارەکانیان زیاتر دەرزێنو، فەرامۆشکردنو وێرانکردنیان بەردەوامەو (لەجیاتی خشتێک لەسەر ئەو خشتانە دانێن، خشتی تریان لێ لادەبرێ)، ئەگەرچی ناوچەکە بەلانکەی شارستانیەت ناسراوە، بەڵام ئەو لانکەیە زۆربەی تێکشکێنردراوەو تەلارێکی باشی لەسەر هەڵنەچنراوە. لەپاڵ ئەوەشدا، ململانێ بۆ مانەوەو ئازادبوون لەو کەلتوورە هەر زیندووە.

### شەپۆڵەکان

چەندین شەپۆڵی ئایدۆلۆژی بەپاڵپشتی لەشکرکێشییەوە، لەناوچەکە هەڵقوڵاون یان ڕوویان تێکردووە. بۆ نموونە شەپۆڵی ئایدۆلۆژیەتی ئایینیو مەزهەبی، ئایدۆلوژیەتی سۆسیالیزمی کۆمۆنیستیو دیموکراسی سەرمایەداری. گشت ئەم شەپۆڵانە کوردستانیان گرتۆتەوەو کاریگەری زۆریان (بەخراپ یان چاک) بەسەر کۆمەڵو کەلتوورو نەخشەی کوردستانەوە بەجێهێشتوە، بەڵام هیچیشیان نەیانتوانیوە کوردستان بسڕنەوە یان دەستەمۆی بکەن‌و، هۆیەکی سەرەکی ئەوە بووە کە کورد ململانێییەکی خۆڕاگرانەی بەردەوامی بۆ مانەوەو چەسپاندنی خۆی کردووە.

### شکستی ئایدۆلۆژیەتە پانخوازەکان

ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست مەڵبەندی دروستبوون‌و ململانێی چەندین جوڵانەوەی پانخوازی بووە کە ئامانجی ئەوە بووە سنووری گشت هاوڕەگەزەکان لەسەر بنچینەو بەرگی ئایینی، نەتەوەیی یان ئایدۆلۆژیەتێکی تردا، لەژێر فەرمانڕەوایی یەک دەوڵەتدا یەکبخاتەوەو، لەنەخشەکانیشیاندا کەمە نەتەوەییو ئاینییەکان کردۆتە ئامانج‌و قوربانیو، لەسیاسەتی لاوازکردن‌و ڕووتاندنەوە تا ئەندازەی لەناوبردن‌و جینۆسایدکردنیان پەیڕەو کردووە بەرامبەریان. بۆ نموونە:

پان ئایینی، پان نەتەوەیی (عەرەبی، تورکیو فارسی)، پان ئابووری (سەرمایەداری، سۆسیالیستی،...هتد) کە بەرنامەی فراوانخوازییان سنووری یەکتری گرتۆتەوەو مایەی ململانێو بەریەککەوتن بووەو ناوچەکەی بەئاقارێکی خوێناوییو وێرانکاریدا بردووە، کە ئێستاش بەرماوەی دابەشبوونێکی تێکچرژاوی وای خستۆتەوە، کە بەئاسانی گرِ دەگرێ. کوردستانیش، کەوتۆتە چەقی نەخشەکانی ئەو پاوانخوازییانەو لەگشتیاندا چەقۆی دابەشکردنی یان ژێردەستکردنی بەرکەوتووە. ئەو جوڵانەوە پانخوازانە، ئەگەر لەماوەی جیاجیادا برەو دەسەڵاتێکیان پەیدا کردووەو بەجۆرێک لەجۆرەکان زەرەریان بەکوردستان‌و هاوچەشنەکانی گەیاندووە، بەڵام گشتیانیش شکستیان هێناوەو نەیانتوانیوە تا سەر ئامانجەکانیان بەدیبهێنن، بەرامبەر بەوەش کوردستان توانیویەتی بمێنێتەوەو زیندوویی خۆی بپارێزێ، لەگەڵ ئەوەشدا، خەوی پانخوازەکان‌و گەڕاندنەوەی سەرووەرییە شکستخواردووەکان هەر ماون‌و کاریگەرییان هەیە لەسەر ململانێی بەرژەوەندییەکان‌و لەچەندین لاوە لەکوردستان بەریەک دەکەون‌و پێویستە لەبەرچاو بگیرێن.

### گێژەڵووکەو دامرکانەوەکان

جگە لەشەپۆڵو ئاراستە دیارەکانی ئایدۆلۆژیو سیاسیو سەربازی، ئاڵۆزی ململانێ ناوخۆییو ناوچەییو نێودەوڵەتییەکان بۆتە هۆی دروستبوونی چەندین گێژاوی سیاسیو ئایدۆلۆژی کە تێکەڵێکی ئاڵۆزکاوی لایەنی ئاڕاستەو کێشەی وا لەخۆ دەگرێ کە لەگێژەلووکەیەک دەچێ نەزانرێ (بەتەواوەتی) یان بەزۆر بەزەحمەت بزانرێ چ ئاراستەیەک وەردەگرێ، چی رادەماڵێ، چی بەسەریەکدا دەکاو، کە داشمرکایەوە: چ بەرماوەیەک بەجێ دەهێڵێ، (خێرو شەڕەکانی چین‌و بۆ کێ دەبن)، نەخشەکان چۆن دەگۆڕێ. ئەنجامی لەشکرکێشییە گەورەکانی ئیمپراتۆرییەکان‌و هێزەکانی جەنگەکانی جیهانی، شەڕی عەرەب-ئیسرائیل، شەڕی عیراق-ئێران، ئەو شەڕانەی کوردستان‌و ئەفغانستانیان گرتەوە، ئەو گێژەڵووکانەی قاعیدەو داعشیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا کە لەبنەڕەتدا هۆکاری ناوچەییو نێودەوڵەتییان هەیە، بەڵام تۆڕێکیش لەئاڵۆزیو شێواویان پەیدا کردووە کە بیری وردو توانای باش‌و پشوو درێژیان دەوێ بۆ دەربازبوون‌و ڕووبەڕووبوونەوەو شکست پێهێنان‌و سوود وەرگرتن لەدەرفەتەکانیشیان.

## بەرگرییەکانو مانەوەکان

کوردستان، لەم ناوچە ئاڵۆزەی ململانێی شارستانیو سیاسیو ئابووریو ئایدۆلۆژییەدا، لەبزووتنەوەیەکی بەردەوامی مانەوەو خۆپاراستندا بووە. بەهۆی هەڵکەوتەکەی لەدەوروبەرێکی بەهێزترو زیاتر وێرانخوازو پەلاماردەر، هەلی دروستبوونی ناوەندی بەتوانای ئابووریو سیاسیو ئایدۆلۆژیو فەرمانڕەوایی سەربەخۆو سەرتاسەری لێ زەوتکراوەو، هەوڵی دەوڵەتداری لەبارابراوە. بەڵام، لەبەرامبەر ئەو گشت وەیشوومەو لەشکرکێشیو وێرانکاریو شەپۆلە توندو گێژەڵووکە سەختانەی بەرەورووی بوونەتەوەو بەسەریدا هاتوونو بوونەتە هۆی لەناوچوونی چەندین شارستانیەتی ناوچەکە، کوردستان دینامیەکێتی مانەوەی پاراستوەو توانیویەتی لەچەندین مەینەتیدا هەستێتەوە، بەبەرزیو نزمیدا تێپەڕێو ئێستا ببێتە ژمارەیەکی پارسەنگدار لەتەرازووی ناوچەکەو دنیاشدا. لەڕابردوودا، وەک دەوترێ (چیاکان تەنیا دۆست)و پەنای بەرگریو هێزی خۆپاراستن بوونو، توانا سیاسیو سەربازیو ئابوورییەکانی کوردستان لەو ئاستەدا نەبوون لەململانێ ناوچەییو نێودەوڵەتییەکاندا زۆر بەهەند وەربگیرێو جێی پرس بێ. بەڵام ئێستا، هەرچەندە بارودۆخی ململانێ ئاڵۆزەکانو گێژەڵووکە ناوناوەکانی ناوچەکە هەرماون، کوردستان بەهۆی پێگەیشتنی پێگەی سیاسیو ئابووریو قورسایی مرۆییەوە خۆیو بەهۆی ئاڵوگۆڕەکانی سیاسیو ئابووریو تەکنۆلۆژییەوە، سەنگێکی بەرچاوی پەیدا کردووە، بۆتە ئۆرگانێکی بایەخ پێدراوی ناوچەییو نێودەوڵەتی، ئاگایی خۆشی لەدەوروبەرەکەی زیاتر بووە، توانای خۆگونجاندنی باشتر بووە، ئاگری لەشی خۆی زووتر دەکوژێنێتەوە. بەڵام هێشتا گشت گەراکانی ناوچەکە لەجەستەیدا هەن، جا بەزیندوویی یان بەنووستویی، هێشتا لەم ناوچەدا دەکرێ (ریس بکرێتەوە بەخوری)، دەشکرێ لەئەنجامی گێژەڵووکەکانیدا، ببێتە مێرگێکی ڕەنگاوڕەنگی خوازراو، ببێتە کەنارێکی ئاسوودە، ئەویش پێویستی بەزرنگیو دووربینیو دیدی ورد هەیە، پێویستی بەپەند وەرگرتن لەمێژووی ناوچەکە هەیە، پێویستی بەخۆتەکاندن لەهەڵەشەییو سەرەڕۆییو بوغراییو دنیا نەبینی ئەو وڵاتانە هەیە کە بەدەردی وێرانیو بەزینو مەینەتیدا بردوون، پێویستی بەفێربوونیش هەیە لەو ژمارە وڵاتانەی ناوچەکە کە سەقامگیریو ئارامییان بۆ هاووڵاتیان مەیسەر کردووە. کوردستانیش لەبەردەم ئەم گێژەڵووکەدا (کە داعش بەشێکێتی)، هەم بیری باشتر دەجوڵێ، چاوی باشتر دەبینێ، دەستیشی باشتر دەڕوا، بەر لەوەی کار لەکار بترازێ وریا دەبێتەوە، تەرازووی خۆی دەکاتەوە. بەڵام هێشتاش، لەم ژینگەدا، بەشێ لەپەتای ناوچەکەی پێوە دیارە کە ئەگەر کۆنترۆڵی نەکا، ئەوە ڕەنگە تووشی قەڵبەی بکا. لەشەپۆلو گێژەڵووکەکانی رابردوودا، حسابێکی ئەوتۆ بۆ قسەی کوردستان نەدەکرا، بەڵکو وەکو نێچیرێک دابەش دەکرا، چەقۆ لەسەر ملی دادەنراو، لەجەستەی دەکرایەوە. بەڵام ئەمجارە، کوردستان میوانی مێزەکانی گفتوگۆیە یان سێبەرەکەی ئامادەیە، ئیمزاکەی دەیخواو بەشە بڕیاری هەیە، دەستی دەگاتە ئەودیوی سنوورەکان، بەشەکانی جەستەی پێکەوە گرێ دەداتەوە. ئەمجارە دۆستەکانی زیاترو دوژمنەکانی کەمترن، پێگەو ڕۆڵی سیاسیو ئابووریو سەربازی ناسراوی هەیەو پارسەنگێکی دیارە لەهاوکێشەکاندا. ئەمجارەیان، پێدەچێ، لەئەنجامی ئەم گێژەڵووکەیەدا، سەرەڕای زیانەکانی، کوردستان بتوانێت بەسەربەرزیو ناوبەرزییەکی درێژخایەنیشەوە بگیرسێتەوە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستانی نوێ / ڕێکەوتی : ٢٩ی دێسامبری ٢٠١٤

# هۆکارەکانی شکستی شۆڕشەکەی شێخ

هێرۆ موحسین گەردی

لەگەڵ هەموو ئەو بارودۆخانەی کە لە کوردستان روویان دەدا لە هەموو کات و ساتێکدا شۆڕشگێڕان بیری شۆڕش لەناو هەناویان سەریهەڵدەدا، دوای ئەوەی کە بیری شۆڕش پەرەیسەندو دەرفەتی ئەوەی هەبوو کە کوردستان رزگار بکرێت لە دەست دوژمنانی کورد، شێخ عوبەیدوڵڵا دەستی بەو شۆڕشە کردو بەرنامەی بۆ دانا، پلانی شەڕەکە بەو جۆرە بوو کە هێزەکانی خۆی سەرەتا دابەشکرد بەسەر سێ قۆڵدا. رزگاربونی ناوچەکانی موکریان و تا دەگاتە تەبریز ئەم بەشەی ناوچەکە لە ژێر سەرکردایەتی شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدولڵا و سەرکردە هەمزە ئاغای مەنگوڕ دابوو. بۆ رزگارکردنی ناوچەی "ئورمێ"ش شێخ خۆی سەرکردایەتی ئەو قۆڵەی جەنگەکەی دەکرد، هەروەها رزگارکردنی شاری "سەلماس"یش بە خەلیفە محەمەد سدیق سپێردرابوو.



لەمانگی ئەیلوولی ساڵی ١٨٨٠ دا لەشکری شێخ عوبەیدولڵا بەسەرکردایەتی عەبدولقادر و هەمزە ئاغا پەلاماری ئێرانیان دا و گورزێکی کوشندەیان لێدان و سەرکەوتنی زۆر گەورەیان تۆمارکرد، جگە لەوەی کە سەرکردەی بەتوانی هەبوو، بەڵام هۆکاری ئەو سەرکەوتنە مەزنە بەهۆی خەڵکی ناوچەکە بوو کە هاوکاری زۆری شۆڕشیان کرد و پشتیان گرتن، ئەوەی بینرا ئەو لەشکرە هەزار کەسیە بەماوەیکی زۆر کەم زیادی کرد و خۆی دا لە نزیکەی حەوت هەزار کەس و وەک لافاویش هێرشیان کرد و توانیان دەڤەری موکری ئیتر وردە وردە هەموو ناوچەکانیان گرت تا نزیکبوونەوە لە تەورێز. بگر،زۆریشی پێ نەچوو شۆڕشگێڕان توانیان ناوچەکانی مەرگەش بگرن و خەڵکی شاری تەورێز تووشی ترس و دڵەڕاوکێیەکی سەیربوون و ترسی ئەوەیان هەبوو کە شۆڕش بگاتە ناو شارەکە، هەربۆیە بەشێکی زۆری کونسوڵگەری بیانیبیەکان دەستیان کرد بە گواستنەوەی ئەرشیفی خۆیان بۆ دەرەوەی شار، کوردەکانیش زۆر بەئاسانی دەیانتوانی شاری تەورێز بگرن، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە مەشقی سەربازی هێزەکانی کورد باش نەبوو، جگە لەوەش بەشێک لە شەرکەرەکان کەوتنە تاڵان کردنی گوندەکان و پاشان تاڵانەکانیان بردەوە بۆ ناوچەکەی خۆیان و شەڕەکەیان جێهێشت. ئەو هێزەی بەسەرکردایەتی شێخ عوبەیدولڵا رووی لە شاری ورمێ کرد و لەوێش بەربەستی هاتە پێش بەهۆی ئەوەی کاربەدەستانی ئەوێ بەیارمەتی هێزی ناوچەکە توانیان بۆ ماوەیەک خۆیان بگرن لەوێ. هەرچەندە شێخ دەیویست بەبێ شەڕ بچێتە ناو شارەکە، بۆ ئەو مەبەستەش چەند نامەیەکی بۆ کاربەدەستانی ئەو شارە رەوانە کرد کە تێیدا داوای لێکردن شارەکە بدەن بەدەستەوە، لە ئەنجامدا کاربەدەستانی ورمێ داوای ٣ رۆژ مۆڵەتیان کرد لە شێخ بۆ خۆبەدەستەوە دان، بەو جۆرە فێڵیان لە شێخ کرد، چونکە لەو ماوەیە توانیان قەڵاو دەروازەکانی شار قایم بکەن و یارمەتی و هێزیشیان لە سەلماس و تەبرێز پێگەیشت، ئیقبال ئەو کەسە بوو کە حوکمی شاری ورمێی ئەکرد، وای لەو خەڵکە گەیاند کە لەشکری کوردان لەناوچەی موکریان تاڵان و کوشتاری زۆری لەخەڵک کردووە، بۆیە ئەگەر ئەوان بێنە ناو شاری ورمێ ئەوە هەمان کوشتار و تاڵانی ئەنجام دەدەنەوە، بۆیە خەڵکی ئەو شارە پشتیوانیان لە ئیقبال کرد لە دژی شۆڕشی شێخ. دوای ئەوە بۆ ماوەی ١٠ رۆژ شەڕ دەستیپێکرد لەنێوان هەردوولا بەبێ ئەوەی شێخ بتوانێ سەرکەوتن بەدەست بهێنێ لەو شەڕە، بگرە لێکترازان بەئاشکرا بە هێزەکانی شێخەوە دیاربوو، سەرباری ئەوەی ئەو هێزەی کە بۆ یارمەتیدانی ئێران هاتبوون جوان رێکخرابوون لە سەر شێوازی سوپای ئەورووپی و لەسەر دەستی ئەفسەرانی بەریتانی و فەرەنسی و رووسی و نەمسایی و ئیتاڵی مەشقیان پێکرابوو، هەروەها لەلایەن شارەزایانی

ئەو وڵاتە ئەورووپیانەوە مەشقی تۆپخانەشیان بەشێوازی سەردەمیانە ئەنجام دابوو. بەڵام دواجار بەهۆی ڕێککەوتنی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێران لەدژی شۆڕشی کورد و هەروەها دەستتێوەردانی بیانی و هەڕەشەی بەکارهێنانی هێز لە دژیان، هەروەها کۆکردنەوەی کۆمەکی زۆر و زەبەند، وایکرد شۆڕشی کوردی بە دانوستان رازی بێت لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی دەربارەی داخوازیەکانی گەلی کورد، مخابن کە شێخ عوبەیدوڵلا فریوی خوارد و بە سەرۆکایەتی شاندێکی کوردیەوە چوو بۆ پایتەخت، بەڵام بەداخەوە دەوڵەتی عوسمانی لەبری ئەوەی دانوستانی لەگەڵ بکەن، هەستان بەدەستگیرکردنی شێخ و خستیانە ناو کونجی زیندانەوە. بەو جۆرە شۆڕش نەیتوانی ئازادی بۆ کوردستان بەدەستبهێنێ، تەنانەت ڕاپەڕینەکە نەگەیشتە شارەکانی سنەو کرماشان کە بەشێکی فراوانی کوردستان بوون، هەروەها بەهۆی نارێکی و بێ سەروبەری شۆڕش نەیتوانی لە هەفتەیەک زیاتر خۆی ڕابگرێ.

سەرچاوەکان:

١- محەمەد حەمە باقی: شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری.
٢- شاکر خسپاک: کوردو مەسەلەی کورد.
٣- عەبدوڵلا عەلیاوەیی: کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا.

سەرچاوە : ماڵپەڕی رۆژنامەی خەبات / ڕێکەوتی : ١٠ی ژانویەی ٢٠١٥

---

# ساڵی ژنی کورد

لەتیف فاتیح فەرەج



ئەگەر ساڵی رابردوو بۆ ناوچەکەو دنیا ساڵێکی نائارامو پڕ شەڕو شۆڕو کوشتوبڕ بوو بۆ کورد بەتایبەت بۆ ژنانی کورد ساڵی درەوشانەوەو هەڵکشان بوو، ساڵێک بوو کە ئەو پڕوپاگەندانەی هەموو یەکسانی سفر کردەوە کەدەڵێت ژن ناتوانێت بەرگری لەئازادی و مرۆڤایەتی بکات، ئەوەی کیژە جوانخاسو ئازاکانی کۆبانی کردیان هەموو دنیای سەرسام کرد، لەکەم شوێنی دنیاوە پشتگیری ئەو بەرخودانو ئازایەتیە نەکراو ئاماژە نما نەکرا، لەکاتێکدا ئەوان لەکۆبانی بەتفەنگە سادەکانیانەوە روبەڕوی درندەترینو بێرەوشتترین گروپی دنیا وەستابونەوە، ئەو کچو ژنانە هەر شەڕیان نەدەکردو بەس، ئەوان وڕەی بەرگری و لەسەر پێوەستانیان دەبەخشی بەژنانی دنیاش، چەند شەرمە نوسەرانو رۆشنبیرانو بیرمەندان ئەم راستیە وەک خۆی نەبینن، ئەوە هەر بەرگریەکی سادە نیە تا راگوزەرانە بەلایدا تێپەڕینو بڵێین ئەمەش سیمایەکی ناسیونالیستانەی هەیەو هیچی تر.

ئەوەی لەکۆبانی کچان و ژنانی کورد وەک وانە نیشانی دنیایان دەدا، پەیامێکی دیکە بوو، پەیامی یەکسانی و ئـازادی و بەرابەری و وەکیەکی، پەیامی ئەوەی کەشەڕو ڕوبەڕوبونەوەی چەکدارانە تەنێ هی پیاوان نیە وەک ئەوەی لەفەرهەنگدا بۆ پیاو دەنوسرێ » کـارێکی پیاوانـەو جوامێرانـەو هتـد « ئـەوە ئیدی بەئێمە دەڵێ کاری جوامێرانەو ژنانەش لەوەی لەکۆبانی ڕویدا لەتوانای هەموو پیاوێکدا نیە، هـەر نوسـەرو ڕۆژنامەوانێک درک بـەم ڕاستیە نـەکات و ئاماژەی پێنەدا ئەوە لاسایی هوشترمل دەکاتەوە، ساڵی ٢٠١٤ بەهەموو پێوەرێک ساڵی ژنی کورد بوو، سـاڵی ژنـی کـورد لەبـەردەم گـەورەترین ستەمکاریدا، ژنانێک لەشەنگال پەلاماردران و دڕندەیی و ستەمکاریان بەرانبەر کرا.

ژنانێک لەکۆبانی لەناو دارو پەردوی ڕوخاوی کۆبانیەوە بەرگریان لەکەرامەتی مرۆڤایەتی کرد، ڕاستی ئەمە هـەر ڕوداوێکـی ئـاسایی نیە تـاهەڵوەستەی لەسەر نەکرێت و لەسەری نەنوسرێ، ئەمە وەرچەرخانە لەمێژودا، من چەند سەرسام بوم بـەو کیژۆڵانـەی کـە لـەکاتی برینداریشدا بەسرودو گـۆرانی ئـازاری برینەکانیان دەشاردەوە یان بـەو نامەیەی پڕ بوو لەئازایەتی ئـەو کیژە گـەریلایەی بۆ دایکی ناردبویەوە، یان ئـەو کچانـەی لەچاوپێکەوتنـەکانی میدیاو کەناڵەکانەوە ورەیان لێدەباری، چەند سەرسام بوم بەو کچە گەریلایەی لەبەردەم فەرماندە هەڵاتوەکانی شەنگالدا بەدەنگی بەرز دەیگوت بۆ کوێ هەڵدێن بۆ پارێزگاری ناکەن، ئاخۆ بارزانی ئەو گرتە ڤیدۆییەی بینی، بینیتی چۆن فەرماندەکان هەڵـدەهاتن و کچە گـەریلاکانیش هاواریـان بەسـەریاندا دەکرد، ئـایـا هەر ئەوە بەس نیە بۆ ئەوەی میداڵی ئازایەتـی و شەرەف بکرێ بەیەخەی یەکەیەکەی ئەو کچ و ژنـە ئـازایانـەدا، کچـان و ژنـانی ڕوسوری کـورد لەبـەرگری و ڕوبەڕوبونەوەی داعشدا هەر ئارەزوحەزێکی ناسیونالیستانە هاندەریان نەبوە، تـا ئەوە بکـەینە بیانوی ئـەوەی ئـاوڕ لەقـارەمانـەتیان نەدرێتـەوە، ئـەو شێوازە لەبەرگری لەئازادی لەمێژە لەدیرۆکی مرۆژایەتیدا ونە، بۆیە نـاکرێ ئەمە نادیدە بکرێت، من بڕوای تـەواوم بەوەهەیە ئەمساڵی بەرگری و قـارەمانەتی کچ و ژنانە دەیان داستان و چیرۆک و فیلم و ڕۆمان و نوسین بەدوی خۆیدا دەهێنێ لەگەڵ ئەوەشدا ئـەرکی ئێمەشە وەک نوسـەرو قەڵەمبەدەستانی کـورد بـەردەوام لەسەر ئەو پرسە بنوسین، ئێمە قسە لەسەر بەرگری و ئـازایەتیەکە دەکەین خۆ ئەگەر ئەو دەستەو گروپی هەر گەلێکی دیکەش بان ئەو شانازیەیان لای ئێمە پێدەبڕا.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ڕۆژنامەی هاوڵاتـی / ڕێکەوتی : ١٠ی ژانویەی



# پەیامی من بۆ ئیسلامیە توندڕەوەکان

**کاریکاتوریست: فواد محەمەدی**

*ئێوە تەنها زیاتر لەوە خۆتان بچووکتر ئەکەن و خۆتان لەوەی ئێستا ناشیرینتر ئەکەن.*

بەڵام بزانن کە ڕێگای کاریکاتۆریستانی فەرانسە بەردەوام ئەکەین و بۆ ئاگارکردنی خەڵک بێ وچان تێ ئەکۆشین و بە کاریکاتۆرەکانمان دەنگی خۆمان بۆ ڕای گشتیی ئاشکرا ئەکەین.



بۆیە پێویستە بزانن کە کرداری قیزەونتان بێ وەڵام نابێت و ئێمە بە قەڵەم تێکتان ئەشکێنین.

هەر لە سەردەمی کۆنەوە هەتا ئەمڕۆ توانیتان کە زۆر جینایەت بکەن و قەساس بکەن و بەردەباران بکەن و خۆرافات و ئایدیۆلۆژای دواکەوتووی خۆان بە سەر خەڵکدا بە زۆر داسەپێنن، بەڵام ئیتر باوی نەماوە و خورافات و تۆقاندنتان کە بە ڕاشکاوی لە ڕای گشتی بڵاو ئەبێتەوە جیا لە بێ نرخ کردنی ئیسلامتان هیچ دەنگۆیەکی تری بۆ کۆمەڵگا و بۆ مرۆڤایەتی نییە.

ئەمڕۆکە بە قوەتی ئەو تێکنۆلۆژیەیایەی لە خزمەتی مرۆڤایەتیدایە جەنایەتەکانتان ئاشکراتر ئەبێت. بۆیە نەک ئیسلامی توندڕەو، بەڵکوو هەر دین و ئایینەکی دیکەش ناتوانێت بەو شێوازەی کە ئەمرۆ هەڵگرانی ئاڵای ئیسلام لە سەر خەڵکی بێ تاوانی هەڵدەگرن بەردەوام بێت و تۆڵەی ئەوانەی بێ گوناهی بەکارهێنانی قەڵەم و زانست وەڵامی ئێوە دەدەنەوە بەفیرۆ بچێت.

کاریکاتۆریستانی زۆر بوونی هەیە کە بە هۆی کاریکاتۆریست بوونیانەوە وەهایان بەسەر هاتووە و دوایین کاریاتۆریستیش نەبوون کە بەو چەشنە ڕوونکردنەوە لەسەر جینایەتەکانی دین بڵاو دەکەنەوە.




من بەش بە حاڵی خۆم ئەو جینایەتانەیان بە کاریکاتۆر بێ وەڵام ناهێڵمەوە و پەیامی ڕەنگین و خۆشی زۆرمان ئەبێت بۆیان.

من هیچ ئیسلامیەکی تیرۆریست بە شۆڕشگێڕ نازانم، بەڵام کەسایەتییەکانی گۆڤاری "شارلی ئەبدۆ" کە ئەڵێت: من کورد نیم و کوردی نازانم، بەڵام لەمڕۆ بەدواوە خۆم بە هاوفیکر و هاوئاهەنگی کوردستان دەزانم و لەگەڵیان دەگریم و بە کوردی گۆرانی دەچڕم، بە شۆڕشگێڕ دەزانم و باش ئەزانم کە کەسایەتی کاریکاتۆریستەکانی فەرانسە زۆر زۆر سەرتر لەو کەسانەیە کە، خوارافاتی و کۆنەپەرەستی ئایینی و بەتایبەت ئیسلامین.

هەموو شەوێک کە سەر ئەنێینەوە و بەیانیەکەی چاو ئەکەینەوە، هەواڵی کوشتن و بڕین و جینایەتەکانتان ئەگاتە گوێمان، بەڵام بزانن کە "شارلی ئەبدۆ" نامرێت و ئێمە هەموومان ئەبین بە "شارلی ئەبدۆ".

سەرچاوە : ماڵپەڕی زاگرۆس پۆست / ڕێکەوتی : ٨ی ژانویەی ٢٠١٥

# کورتەیەک لە مێژووی هۆزی "مامۆیی"

فەرەیدون پەروازە

شوێن و هەڵکەوتەی جوغرافیایی کوردستان لە ناوچەیەکی نیوە دەشت و نیوە کوێستانیدا، یەکێ لە هۆکارە سەرەکیەکانە بۆ دروست بوونی ژیانی خێڵەکی



و کۆچ و کۆچبەری. خێڵەکان بە کوێستان و گەرمیان کردن و گەڕان بە دوای لەوەڕگە و کانیاوی چیاو و رووندا، بژێوی ژیانیان بەڕێوە بردووە. وەک دەڵێن ژیانی مرۆڤایەتی سەرەتا لە ئەشکەوت نشینیەوە دەستی پێکرد، پاشان قۆناخی کۆچەری بون، دواتر گوند نشینی و لە ئاکامدا شارنشینی پێکهاتووە. لە کوردستاندا هێگمەتانە (هەمەدان) وەک یەکەم شار و پێتەختیگەورە دەسە ڵاتی ماد- کورد، تەنانەت بە سەر تەواوی وڵاتی ئێراندا بە پارت و پارسەوە هەتا دوچەمانەکەی دیجلە و فورات دەسەڵاتداری کردووە.

هۆکارێکی سەرەکی کە لە رۆخانی دەسەڵاتی ماد دا رۆڵی هەبوە زنجیرە کیوەکانی وەک زاگرۆس، ئەلبورز توروس و هتد ... بوە کە وەک خاچێک کوتدا بو بە سینگی کوردستانەوە، ئەو زنجیرە کێوانە پێوەندی ئەم دیوی لە گەل ئەو دیو و سەرۆی لەگەڵ خوارۆ ئەستەم کردبو. کاتیک پایز وەشت و وار دەستی پێکردوە هەتا مانگێک لە دوای بەهاریش، ئەم دیو و ئەودیو ئاگایان لە دۆخی یەکتر نەبوە. تەنانەت ئەو دیاردەیەیش لە گوندیکەوە بۆ گوندێکی دیکە تارادەیەک بەدی کراوە. ژیانی خێڵەکی لە کوردستاندا وەک دیاردەیەکی دزێو بۆ ماوەی دەیان سەدە درێژەی هەبو، ئەورەوتە دۆخی سیاسی کورد لە دەوڵەتی هێزمەندی مادەوە گەیاندە قۆناخی خوارتر واتە دەسەڵاتی میرنشینی و پاشان دەرەبەگایەتی و لە ئاکامدا دارمانی ژیانی سیاسی کورد.

ژیانی خێڵەکی لە کوردستاندا، لەدو بوارەوە دەکرێ هەڵسەنگیندرێ و پێناسە بکرێ، یەکەم هۆکاری جوغرافیایی هەروەک پیشتر ئاماژەمان پێکرد ئەورەوتە بوە بە هۆی ئەوە کە هزر و بیری کوردی لە چوار چێوەی بەرتەسکی خێڵەکیدا بمێنیتەوە و کۆمەلگای دیاردەی شارنشینی و شارستانی پێوە نەلکی چونکا بە راستی یەکێ لە هۆکارە سەرەکیەکانی دروست کردنی دەولەت. سەرهەلدانی دیاردەی شار و شارنشینیە، شەرو پێکدادان و هندیک جار پەنا بردن بە دوژمنانی دراوسێ و لە ئاکامدا قە بول کردنی دین یا مەزهەبی دراوسیەکان، دابران لە نەتەوەی کورد، لە دیاردەی نەرینییەکانی ژیانی خێڵەکی بوە لە کوردستاندا.

دوهەم: کێوستانی بوونی کوردستان و دروست بونی ژیانی خێڵەکی، هەرۆک پێشتر باسکرا بوە بە هۆی دورە پەرێزی و خۆنەگلاندنی خێڵەکان لە ناو نەتەوەکانی دیکە و خۆ خەریک کردن بە ژیانی ئاسایی رۆژانەیانەوە ئەو دیاردەیە دەکرێ تا رادەیەک بە چاوی ئەرێنی لێی بروانرێ. خۆتێکەڵ نکردنی خەلکی کورد لە ناو نەتەوەکانی دیکەدا، هۆکاریکە بۆمانەوەی زمان و فەرهەنگ و کولتوری رەسەنی چەن هەزار ساڵە شاخەکانی کوردستان و ژیانی خێڵەکی وەک قەڵایەکی قایم بەرگری کردوە لەتوانەوەی کورد لە ناو نەتەوەکانی دیکەدا. هەلکەوتی ستراتیژی کوردستان ئەوە باس دەکات کە ئەو مەڵبەندە لە رابردودا دەروازەی رۆژهەلات بەرەو رۆژ ئاوا بوە. ئاوەن و رەوەن بە کوردستاندا بە هۆی بازرگانی کردن، لە شکر کێشی کردنی دەوڵەتان بۆ سەر یەکتر و بۆ کوردستان و هتد ... بەڵکەی سەلمێنەری ئەو وتەیەس، دەیان نەتەوەی سەرگۆی زەوی هەیە کە پێشتر گەورە دەسەڵات بوون و ئیستە تەنیا وەک ئەفسانە

ناویان لێ ئەبری. ئیمپراتوری دێرینی میسر، پێشتر بە زمانیکی دیکە ئاخاوتنیان کردوە. بەڵام دواتر زمانی ئەو نەتەوەیە گۆڕا بە عەرەبی حکومەتەکانی سۆمر، ئاشور و هتد ... کەپێش لە مادەکان دەسەڵاتداریان کردوە ئیستە تەنیا ناویان ماوە، تەنانەت کوردستانیش لەو دیاردەیە بێ بەری نەبوە. بە پێی وتەی مێژونوسان شارەکانی بەغدا، هەمدان، زەنگان (زنجان) تەورێز، ئەردەبێل و هتد ... کورد زمان بوون، بەڵام دواتر کە دەسەڵاتی مادوەلانراوە هێدی هێدی بە هۆکارگەلی وەک بەپێتەخت کرانی ئەو شارانە لە لایەن دەوڵەتانی غەیرەکوردەوە و هتد ... زمان، فەرهەنگ و دین و داب و نەریتی ئەوان گۆڕدراوە.

خێڵەکان لەرابردودا ڕۆڵی لە بار و بریکجار نالە باریان لەمێژوی کورداگێراوە. تویژینەوەی زانستیانە لە سەر خێڵە کوردییەکان زۆر لایەنی تاریک و گومبوی کوردمان بۆ روون ئەکاتەوە. لەوبوارەدا تا رادەیەک هەنگاوی باش هەڵگیراوە و کورتە ئاوڕ لە مێژووی خێڵەکان دراوە تەوە یەکێ لەو هۆزە بە ناوبانگانەی کورد کە لیرەدا دەخرێتە بەر باس هۆزی "مامۆیی"یە.

بنەرەتی وشەی مامۆیی: لیکدانەوەی وشەی مامۆیی لە باری زمانەوانیەوە تارادەیەک کارئاسانیمان بۆ ئەکات، چونکا زۆربەی ئەو وشانەی کە لە فەوتان رزگاریان ئەبێ ناو و نیشانەکانن. نمونەی ئەو ناوانە دیاکۆ، خوسرەو، بارزان، زاگرۆس، قەندیل، کرماشان، تەرەغە، ورمێ، هەولێر و هتد ...

وشەی مامۆیی تێکەڵێکە لە [مامو+یی] پاشگری [یی] بۆ ئاماژە پێکردنە وەک مەنگوڕی، ئاکرەیی، زەردۆیی و ... برێک کەس ئەڵێن مامۆ هەمان وشەی [مام]ە، کە بنەرەتەکەی عەرەبیە واتە (عمو، عموزادە، مامۆ، ئامۆزا، مامۆزا) خاڵێکی جێگای سەرنج ئەوەیە کە ئەو هۆزە زۆر بەربڵاوە و وەچ و وەچەزای زۆری لێکەوتۆتەوە، لە ناوچەکانی سلیمانی، سەید سادق، شارەزور، مەریوان، جوانڕۆ، کرماشان، تەنانەت برێ لە عەرەبە دراوسیەکانی کورد خۆیان بە هۆز و بەرەکەی مامۆیی دەناسێنن، جا هۆزێک ئەوەندە بەربڵاوبێت دەبێ، تارادەیەک بنەڕەت و مێژوویەکەی روون بێت وەک لەزاری ریش چەرموانی ئەو هۆزەوە دەم بە دەم دەگێرتەوە وشەی مامۆیی بۆ ئەو چیرۆکە ئەگەرێننەوە کە ئەوەش دەقەکەیەتی: کاتێ سپای ئیسلام دیتە کوردستان و دەست بە سەریدا ئەگرێ دوایین سەرداری ئیرانی (ناوەکەی روون نیە) بە تەنیا ئەمێنیتەوە و لە ترسا هەڵدێ، سپای ئیسلام شوێنی هەڵ ئەکات، ئەویش پاش ماوەیەک خۆی دەکات بە ئاشێکدا. ئاشەوانەکە پێاوی پیر دەبێ، دەیناسێ بەڵام هیچ ناڵێ، تا ئەوەی ژەهر خواردی ئەکات. دەستەیەکی دیکە دەڵێن کاتی سپای ئیسلام بەوێدا تێئەپەڕێ لە ئاشەوانەکە دەپرسن "مامۆ" کەسێکی سوار چاکت بەو ناو و نیشانەوە نەدیوە، ئەویش دەڵێ، بەڵێ وا لە و ئاشەدا من حەشارم داوە سەرکردەی سپای ئیسلام لە پاداشتی ئەو کارەدا ناوچەیەکی بەربڵاوی کورستانی پێشکەش ئەکات، ئەو "مامۆیە"ش ئەو ناوچانە لە نێوان کورەکانیدا دابەش ئەکات. ئەوەش زیاد بکەین کە ئەو مەڵبەندەی کوردستان ئیسلام دەهێنن و ئەو پێرەمێردەش بە هۆی ئەو کارە گرنگەوە لە ناوچەدا ناوبانگ دەرئەکات. لەپاش مەرگی مامۆ، کوڕانی مامۆ هەر بەناو و ناوبانگی مامۆ ناوبانگ دەرئەکەن و ئیتر ئەوەی لە تۆرمەی مامۆ کەوتبیتەوە بە مامۆیی ناو دەرئەکەن. بۆ ئەوەی باسەکەمان رەنگی زانستی بوون بە خۆوە بگری پێویستە پەنا ببەنیە بەرکتیب و سەرچاوە مێژوویەکان و بزانین رووداوی لەو چەشنە و لە سەردەمی هاتنی سپای ئیسلامدا روی داوە یا نە؟؟

روون کردنەوەی ئەو چێروکە مێژوویە زۆر ئاسانەو نوسراوە و وتەی مێژوونوسان بە هەر جۆرێک بێ، بەبێ کەم و کۆری دەخەینە بەردەم خوێنەران. ئەوچیرۆکە دەگەرێتەوە بۆ برگەیەک لە مێژووی کورد واتە هاتنی سپای ئیسلام بۆ کوردستان و دارمانی دوایین پاشای ساسانی بەناو یەزدگوردی سێهەم. «یەزدگورد لە جێگەدارەکانی خوسرەو پەروێز و کوڕی شازادە شەهریار و لەدوایین پاشاکانی ساسانیە کە لە شاری مرۆ بەدەست ئاشەوانێک دەکوژری. رێکەوتی پاشایەتیەکەی کە ساڵی ٦٣٢ی زایینە لە لای هێندک وەک سەرەتای مێژوو لێی دەروانی، ئیستاش لە ناوهندێک لە زەردەشتیەکاندا بەردەوامە و






هەر وەها لە روژ ژمێرە ئیرانیەکاندا یادی لێ دەکرێ لە (کتیب الفهرست) داکاتی باسی وێرد و پارانەوە دەکرێ. ئاماژە بەوێرد و پارانەوەی یەزدگوردی سێهەم لە سەر سفرە و خوانی خوسرەو ئاشەواندا ئەکرێ. لەدوای ئازەر میدوخت (کچی کەیخوسرەو) ئیرانیەکان ئەویان لە ئیستەخری فارس‌دا کرد بە شا و لە ئاورگەی بە ناو بانگی ئەویدا ناسراو بە ئاورگەی ئەردەشێر تاجی شایی لەسەر ناو بە هاریکاری رۆستەمی فەرۆخزاد تەواوی ئێرانی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی یەزدگورد لە چەندین شەر لەگەڵ عەرەبەکاندا دەشکێ و لەروژ ئاواوە بەرەو روژهەلات هەڵدێ هەتا خاقانی چین یارمەتی بدات سەر ئەنجام بە هۆی دەست پیسی فەرماندەکان، لە ساڵی ٣١ی هەتاوی لە ئاوایی زریق نزیک (مرۆ) لە لێواری چۆمی زریق یەکێ لە چۆمەکانی سەر بە روباری مورغاب بە دەست ئاشەوانێک دەکوژری و دەسەڵاتی ساسانیەکان کۆتایی پێدێت»

لە شانامەی فیردۆسی‌دا هاتوە کە «یەزدگورد پەنا دەباتە لای ئاشەوانێک. ئەویش نانێکی ئاسایی بۆ دائەنێ، بەزو گورد پێی ئەڵێ، ئەوەی هەیە بۆم دابنێ، خۆرشت و بەرسمم پێویستە،کانێ دەچێت ئەوپێداویستی‌یەی بۆ پەیداکات. دەچێتە باژگە (شوێنی عیبادەت کە گیای بەرسم لەکاتی پارانەوەدا لەوێدا وەکاردێنن) کاتێ لە خوسرەو ئاشەوان دەپرسن کە (بەرسم)ت بۆکێ گەرەکە ئەویش دەڵێ: شێرەپیاوێک لە ئاشەکەدا دانیشتوە و کاتێ سفرەی هەژارانەم بۆ داخت گوتی ئەو خواردنە پشکەش بە خۆت و داوای بەرسمی بۆباژگە لێ کردم. گەریێن بە چاوی خۆتان بیبینن سەرتان ئەسورمێ. لەوباس و گیراندوەیەدا بۆیان ئەسەڵمێ کە ئەوکەسە یەزگوردە پاشان یەزگورد دەبەنە لای ماهوی سوری، ئەوناپاکەش دەستور ئەدات کەمیوانەکەی بکوژن، پاشان بەزەبری خنجریک ئەو شاپا خواپەرستە دەکوژن و ناهێڵن دابی بەرسم و شوکرانە بژێری و پارانەوە، لە باژگەوا کە تایبەتی پیاوانی ئاینی و دەسەڵاتداران بو، بەجێ بێنێ.» لێرەدا بەکورتی بە سەرهاتی یەزدگورد و خوسرەو ئاشەوان روون کرایەوە هەر لە سەر ئەو رەوتە خراب نیە کە زانیاریەکی کورت لەسەر ماهوی سوری بخەنیە بەر چاو.

ماهوی سوری کێیە:؟ «ناوی حاکمی خوراسان بوکاتێ یەزگوردی سیهەم بەرەو مرۆ روێشت بیژەن لە گەلیدا وەشەرهات. شاهەڵات و روێشتە ئاشیک، ئاشەوان ماهوی ئاگادارئەکات و پاشان یەزدگورد دەکوژن.»

بە خویندنەوەی کتێبە مێژوویەکانی سەردەمی ساسانی، سەبارەت بەچارەنوسی یەزدگوردی سێهەم هەر هەمویان یەک جۆریان نوسیوە. هەربۆیە سەبارەت بەو بابەتە هێندێک تێبینی وورد بینی هەیە کە لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان پێدەکەین. وەک پێشنیان دەڵێن: «درۆ هەواری کۆتایە« زۆریک لە نەتەوەکان بە نویسنی مێژوو بە شێوەی ئیدەئالیستانە هەوڵیان داوە بە چەواشە کاری راستێەکان و دزینی زمان، فەرهەنگ، داب و نەریت، مێژوو و ئاووخاک و هتد ...ی نەتەوەکانی بندەست و دەوروبەری خۆیان زەوت و داگیر بکەن بەپێی بەلگەو نەسەقی دروست کراو وەک گوازتنەوەی هەزاران وشەی نەتەوە بندەستەکان بۆ ناو فەرهەنگی نەتەوەیی خۆیان، یان دەیان شانازی و بەرخۆدانی نەتەوەکانی ژێردەست بۆ ناو مێژوو و ئەدەبی خۆیان سنوریکی دەستکرد بۆ خۆیان پیک دێین و لە ئاستی نەتەوەیی و نێوە نەتەوەیی داجۆریک رەوایی و مەشروعێت بە خۆیان ئەدەن. یەکێ لەو راستیە چەواشەکراوانە بە سەرهاتی یەزدگوردی سێهەم دواین پاشای ساسانیە.

سانیەکان بنە ماڵەیەک بوون کە لە ساڵی ٢٤٤ هەتا ساڵی ٥٦٢ی لە ئیران و کوردستاندا دەسەلاتداریان کردوە پێتەختی ساسانیەکان بە هۆی سیاسیەوە بە زۆری لەرۆژ ئاوای ئێران واتە خاکی کوردستاندا بوە هەر چەن ئیران بە شێوە فیدراتیو بەرێوە چوە بەڵام کوردەکان بە هۆی شەری بێ وێسمانی ساسانی و رۆمیەکان لە بوارەکانی وەک سەندنی باج و مالێات لە خەلکی، کێشانەوەی شەر و ئاژاوە بۆ وڵاتی کوردان و نەبونی ئاسایش و هێمنی، راکێشانی زۆرەملی خەلک بۆ خزمەتی سەربازی لە پێناو ساسانیەکان (بە تایبەت لە ناوچە باشورییەکانی کوردستان رەنگدانەوەی زۆر بوە)، خۆخەریک کردنی پاشاکان بە رابواردن و حەرمسەراو هتد ... وە هۆکارەکانی نارەزایەتی خەلکی کورد لە ساسانیەکان بوە. هەربۆیە دەکرێ بڵێین کە هۆ کاری دارمانی ساسانیەکان و

کوژرانی یەزگورد- کوردە نارازیەکان بوە.

بە کوژرانی یەزدگورد کوتایی بە دواین پاشای ساسانی و دەسەڵاتی بەر لە ئیسلام هات و مێژوویەکی نوێ لە ئیران و کوردستان دەستی پێکرد. زۆر نەهێنی و پرسیار هەیە کە کوشتنی یەزدگورد لە خوراساندا بە درۆ دەخاتەوە و برێ لە مێژوو نوسانی فارس «دەڵێن کاتی یەزدگورد لە ئیستەخرەوە بەرەو خوراسان هەڵهات. چوار هەزار کەس لە نزیکانی خۆی وەک ژن و منداڵەکان، بەردەستەکان، وەزیرەکان، پاسەوانەکان، خەزینەچی و هتد ... کان لەگەڵدا بوە» ، لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە کە ئایا کاروانێکی چوار هەزار کەسی چلۆن دەتوانێ بە ناوچەیەکدا تێپەڕێ و خەڵکی ئەو دەڤەرە نەزانن کێیە؟ یان چ هەل و مەراجێک پیک هاتوە کە پاشا لەو کاروانە زۆرە تەریک بکەوێ و هەڵبێ؟؟ دابی شاکان لە رابردوو ئیستاشدا ئەوە بو کە کاتێ رویان لە هەر ناوچەیەک کردووە بەر لە هەموشتێ پێشرەو و پەیکەکان هەواڵی رویشتنی پاشایان بە خەڵکی ناوچە و میرەکان گەیاندوە و هەر وەها میری ناوچە خۆی بۆ پێشوازی لە شاهەنشا (شای شاهان) ئامادە کردوە- بە سەرهات و دواین کاتەکانی ژیانی یەزدگورد پرە لە چەواشەکاری و قسەو بۆچوونی دژ بە یەکی مێژوو نوسانی فارس. ئەگەر بریار بێت کە یەزدگورد لە خوراساندا کوژرابێ، خوراسان لە کوێ و بنەماڵەی مامۆیی لە کوێ؟؟ ئەگەر ئەو بۆ چوونەش راست بێ دیسانەوە بەزەرەری فارسەکانە، چونکا ئەو گفتە دێتە ئاراوە کە حەتمەن خوراسان لەو سەردەمەدا کورد بوە و بەرەبەرە بە فارس کراوە بۆ لێکۆلینەوەی زیاتر لە مێژووی هۆزی مامۆیی، هەرئیستاش بە دەیان ریش چەرموی ئەو هۆزە لە ناوچەکانی سیامێوە، سەید سادق، سلیمانی و مەریوان ماوەکە دەقی قسەکانی هەمویان سەبارەت بە رابردوی هۆزەکەیان وەکو یەک وایە.مامۆیەکان پێیان وایە کە بنەماڵە و دەسەلاتگەلی وەک ئەردەلانەکان،بابانەکان،روخزادیەکان و جافەکان (عادلە خانمی جاف)وەچەزای ئەوانن .یەکێ لە رێش چەرمووانی مامۆیی پێی وایە کە یەزەنەجرت(یەزگورد)لە ئاشیکدا لە سیامیوە کوژراوە و ئیستاش شوینەواری ئەو ئاشە هەر ماوە.

مامۆیەکان هەرئیستایش پێوەندی و خزمایەتیان پێکەوە ماوە و لەم دیوو ئەو دیوسەردانی یەکتریدەکەن. لەرابردوودا ئەو هۆزە پاڵپشت و داژداری میرنشینەکانی بابان و ئەردەلان بووون. هەروەها لەگەل شیخانی نەقشبەند پێوەندی گەرم و گوڕیان بوە. شاعێری نەتەوەیی ماموستا قانێع لەراڤەی هۆزەکانی کوردستاندا ناوی بنەماڵەی مامۆیی لە دێڕە شیعریکدا بەو جۆرە هێناوە:

"یان جافە ڕەشکە و کەڵوێ و ئاکۆیی، بنچینەی کوردان هۆزی مامۆیی".

سەرچاوەکەن:

٧- دانشنامەی مزدیسنا- نویسندە جهانگیر اوشیدری • نشر مرکز، سال، چاپ اول ١٣٧١ ، چاپ چهارم ١٣٨٦ ، ڵفحات، ٥١٠ – ٢٥٩ - ٤٢٦
٨- تاریخ ایران از دیروز تا امروز- نویسندە شهباز آزاد مهر، ناشر انتشارات باربد، تاریخ چاپ ١٣٨٢ ، ڵفحە ١٨٠ .
٩- شاهنشاییی ساسانیان- سیاست، فرهنگ و تمدن ایران علر ساسانی، مریم نژاد اکبری مهربانی.
١٠- ایران در زمان ساسانیان، آرتور کرینتنس، ترجمە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی زاگرۆس پۆست / ڕێکەوتی : ٢٩ی دێسامبری ٢٠١٤

# چەند کورتە تێڕوانینێک لە پڕۆسەی جینۆسایددا

**ئایا ڕەوشت یا مۆرال؛ سروشتێکی ناوەکیی (innate)ە یاخود بەرهەمی کۆمەڵایەتییە؟**

ئیبراهیم مەلازادە

سەدەی بیستەم بۆ کورد، سەدەیەکی پڕ بووە لە نەگبەتی و جینۆساید. دوای دابەشکران بەسەر نەتەوەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ململانێییەکی خوێناوی لەنێوان کورد و حکومەتە سەر دەستەکانی ئەو ناوچەیەدا هاتە ئاراوە. کورد لەپێناو ئۆتۆنۆم بوون و دەرچوون لە ژێر هەیمەنەی ئەو گەلانە پەنای بۆ شۆرشی ڕزگاری بردووە، لە بەرامبەر ئەو هەوڵەی دا ڕووبەڕووی کوشت و بڕ و تەنانەت پرۆسەی جینۆسایدیش بۆتەوە. ڕۆڵەکانی ئەم گەلانە تا هەنوکەش ناتوانن لە سروشتی داواکارییەکان و ژیانی خەڵکی کورد تێ بگەن؛ ئایا ئەم دۆخە سروشت و مۆراڵی تاکەکانی ئەم گەلانەیە کە زۆر جار گوێمان لێ دەبێت، یا شتێکی دی؟



بێگومان لەو کورتە نوسینەدا مەبەستم زیاتر لایەنی ڕەوشت و ئاکاری خەڵکە، داخۆ ئەم ئاکارە ناوەکییە و لە ئەزەلەوە تیایاندا ڕواوە، یا بەرهەمی هەڵومەرجەکانی ژیان و کۆمەڵگایە لەسەر هەردوو ئاستەکانی میکرۆ و ماکرۆ.ئایا تاکەکانی ئەو لادێییانەی کە لە پرۆسەی شەرانگێزی داعشدا لەبەرامبەر ژیان و ماڵ و حاڵی کوردەکاندا ڕەفتار دەکەن، لەکوێوە سەری گرتووە؟

لە کێشەی جینۆسایددا، سۆسیۆلۆگی بنەچە پۆڵەندی زیگمۆند باومان پێی وایە جینۆساید لە جیهانی مۆدێرنەدا ڕۆچووە. هۆکارەکەشبۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەرچاوەی هێز (power) لەژێر کۆنترۆڵێکی کاریگەردا نییە و دەکرێت لەپێناو چاکە و خراپەدا بەکار بهێنرێت. هەروەها ئەو جۆرە هێزە دۆخێکی دروست کردووە کە کاریگەری کار و کردەوەی تاکەکان لە پەنا سنوورداربوونی مۆرال، سڕاوەتەوە و نەماوە. لەوانەیە ئەو دۆخەی کە لەسوریا ڕەخسێندرا و دوایی گروپە توندڕەوە ئیسلامییەکان بۆخۆیان قۆستیانەوە، توانیان سەرچاوەی هێز لەو وڵاتە، پاشانیش کە شوێنەوارەکانی گەیشتنە عێراق، بۆخۆیان بەکار بێنن. بەڵام ئایا وەها گریمانەیەک ئاوا بەئاسانی تێدەپەڕێت؟! لەوانەیە پرسی هێز، دوای پاشەکشە کردنی سوپای سوریا لە ڕووبەرێکی زۆری سوریادا کەوتە پاشەکشە و سوپای سوریای ئازاد، شان بەشانی هێزە ڕادیکاڵە ئیسلامییەکان جێگایان گرتەوە. لێرەشدا بەشێک لە سەرچاوەکانی هێز کەوتنە دەست ئەو گروپانە.

بەپێی تێگەیشتنی باومان، کاتێک کاراکتەرە کۆمەڵایەتییەکان بژارەکانی خۆیان دیاری دەکەن، لە دەوڵەت ـ نەتەوە ئاڵۆزەکان کەم وایە بتوانن ئەنجامی بژارەکانیان ببینن. بۆ نموونە کاتێک بەشداری لە هەر هەڵمەتێکی جینۆسایددا دەکەن، لەوانەیە بەشداربووەکان لە ڕێگای دابەشکردنی وەزیفەکانەوە ئەو ڕۆڵەیان بەر کەوتبێت، بۆیە هیچ تاکێک ئەگەر بزانێت وەکو خۆی بەشدارە لەو تاوانە ئەنجامی نادات. ئەم قسەیەی باومان ڕووبەڕووی ئیشکالییەتێکی زۆر گەورە دەبێتەوە، چونکە کارەکە لە تاکێک و دوو تاکدا قەتیس نییە. بەدەیان و سەدان تاکیش لەو جۆرە دۆخانەدا دەتوانن خۆیان بدزنەوە. چونکە پرۆسەی جینۆساید جەنگی نێوان دوو کەس و چەند کەسێک نییە.






لێرەدا ئەرگومێنتی باومان، زیاتر فەلسەفیانەیە تا سۆسیۆلۆژیا. ئەمەش لە فینۆمینۆلۆژیای ئیمانوێل لێڤیناسەوە سەری گرتووە. ئەرگومێنتەکە پێی وایە ڕەفتاری مۆراڵ، هەم بۆ هاوسۆزی، یان هەست کردن بە ئازارەکانی مرۆڤ، سروشتییە و دەرهاوێشتەی هەڵومەرجە بوونییەکان (Ontological)ی ژیانە، نەک پرۆسەی سۆسیالیزەبوون. چونکە ئەگەر خەڵک ئەنجامی کار و کردەوەکانیان ببینن، ئەوا بە جۆرێکی مۆراڵییانە لەگەڵ یەکدیدا ڕەفتار دەکەن، کە ئەمەش ناوەڕۆکی تێگەیشتنی کێسەکەی باومانە. ئەمە ناو دەنێت سروشت یا فیترەت (innateness).ئایا بەڕاستی ئەو سروشتە مۆراڵ ئامێزە لەو تاکانەدا جێگیرە و بەهۆی هێزی سەپێندراوەوە پەنا بۆ کاری تێکدەرانە دەبەن، یا کۆمەڵێک فاکتەری دی ڕۆڵیان لەو شەرانگێزیەدا هەیە؟ هەر بۆ نموونە یەکێک لەو فاکتەرانە دەستکەوتی جەنگە، کە لادێیە عەرەبەکان ڕۆڵێکی گەورەیان بووە لە تاڵانییەکانی جەنگ و بەشداربوونیان لەو هەڵمەتەی داعش بۆ سەر خەڵکی سڤیلی ناوچە کوردییەکان.

بەهەر حاڵ ئەمە یەکێکە لەو تێزانەی کە زانای ئەڵمانی نۆربێرت ئەلیاس لە تیۆری پرۆسەی بە شارستانی کردندا بەتەواوی پێچەوانەیەتی و ڕەدی دەکاتەوە. لە تێگەیشتنی ئەلیاسدا، ئەوەی کە ئێمە پێی دەڵێین ڕەوشت یا مۆراڵ، ناوەکی یا سروشتی یا فیتری نییە، بەڵکو بەرهەمی کۆمەڵایەتییە و بەپێی کات و شوێنەکان دەگۆڕێت. ئەمەش مانای وایە کە ڕەوشتی باش، سروشت پاک، یا فیترەت لە مرۆڤدا بێجگە لە وەهم شتێکی دی نییە، بەڵکو پرۆسەی سۆسیالیزە بوون ڕۆڵی سەرەکی لەو نێوەندەدا دەبینێت.

یەکێک لە ڕووە هەرە بنەڕەتییەکان لە تیۆری ئەلیاسدا، بەیەکەوە گرێدانە لەنێوان پێکهێنانی دەوڵەت لەسەر ئاستی ماکرۆ لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە گۆڕانکارییەکانی ئاکارەکان و ڕەفتارەکان یا (habitus)ی تاکەکانە لەسەر ئاستی میکرۆ. لە توێژینەوەکەی خۆیدا ئەلیاس گەیشتۆتە ئەو ڕاستییەی کە ڕەفتار و ئاکاری خەڵک لە خۆرئاوای ئەوروپا لە پرۆسەیەکی درێژخایەندا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، هاوشان لەگەڵمۆنۆپۆلکردنی ئامرازەکانی توندوتیژی و مافی کۆکردنەوەی باجلەلایەن دەوڵەتەوە. پوختەکەی ئەمەش لەوەدایە کە ئەلیاس بە ئاسانی دەیەوێت پێمان بڵێت؛ مۆنۆپۆلکردنی توندوتیژی و باج، بەمانا گشتییەکەی، هێزە سەربازی و ئەمنییەکان لەگەڵ سەرچاوەکانی دارایی و داهاتی وڵات، کە ئامرازی سەرەکین بۆ وڵات بەڕێوە بردن، کاریگەری ڕاستەوخۆی بووە لەسەر ئاکار و ڕەفاری خەڵک. بەڵام ئەو هەرگیز نائێت کە ئەو توندوتیژیە بەتەواوی بنەبڕ بووە، بەڵام وردە و ردە کەمی کردووە و سنووردار کراوە. وێڕای ئەوەش ئەو نکوڵی لەوەش دەکات کە وەها پرۆسەیەک لەهەموو ناوچەکان وەکو یەک بڕوات.

ئەگەر لەسەر بنەمای ئەو واقیعەی کە ئێستا لە کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، ئەم دوو تێزە تەواو لەیەک جیاوازە، بەراورد بکەین، چۆن دەتوانین ڕووە ون و ئاشکراکانی ڕەفتار و ئاکارەکانی گەلانی سەردەستی ناوچەکە شرۆڤە بکەین؟ بەتایبەتیش بزوتنەوەی داعش و بێدەنگی زۆرێک لە خەڵکی ئەو ناوچەیە لەبەرامبەر ئەم تاوانانەدا. بێگومان ئەم کێشەی (جەبر و ئیختیار)ی تاکەکان بەجۆریکی دی لە مێژووی سەردەمی ئەمەوی و عەبباسییەکانیشدا زۆر بە توندی ئامادە بووە، ئەو ئامادەبوونەش خۆی لە پرسیارێکدا دەنواند ئەویش؛ ئایا تاکەکان لە کار و کردارەکانیان بەرپرسیارن یا ئەو کارانە (فعل)ەکان خوا دروستی کردوون یا مرۆڤەکان تیایدا ئازادن؟

وادیارە ئەمە جۆرێک بووبێت لە سەفسەتە و لێرەدا کارمان پێی نییە. نۆربێرت ئەلیاس زۆر بە وردی لە تیۆریەکەیدا کە توێژینەوەیەکی مێژووی ئیمپیریکی زیاتر لە پێنج سەدەی ئەوروپایە، ئاکار و ڕەفتارەکانی پرۆسەی بە شارتانی کردنی داونەتە بەر نەشتەر. بۆیە ئەو، ئەو پرۆسەیە دەگەڕێنێتەوە بۆ بە سۆسیالیزە کردن، بەڵام بە پێچەوانەی ئەو تێگەیشتنەی هەندێک لە سۆسیۆلۆگەکان کە تەنها لەسەر ئاستی میکرۆ ئەو لێکدانەوەیە دەکەن و ئاستەکانی ماکرۆ پشت گوێ دەخەن، یا بە پێچەوانەوە بێگومان دەگەنەوە ئەنجامی جیاواز. لەو پێو دانگەشەوە، دەوڵەت دەکرێت بە بەرپرسیاری یەکەم دابنرێت لە وەها پرۆسەیەکدا، بەڵام تاکەکان لەنێوان باڵانسی بژار (choses) و ناچاریدا (determinism)، بە پێی هەڵومەرجەکان دەتوانن






بژارەکانیان پراکتیزە بکەن، بەڵام هەندێک جار ناچارییەکان گەورە ترن و ناتوانن لەو ناچاریانەدابە ئارەزووی خۆیان ئەوەی دەیانەوێت هەڵی بژێرن، جگە لەوەش پرۆسەی بە شارستانی کردن پلانێک نییە لەلایەن گروپێکەوە بگوترێت دەی با دەست پێ بکەین و وەکو دیوار بینا بکرێت، ئەمە هەمووی دەکەوێتەوە چوارچێوەی ڕەوڕەوەی ئاستی ڕۆیشتنی کۆمەڵگا و ئەو ململانێیەی کە لەکۆمەڵگاکاندا، سەبارەت بە وەرگرتنی دەستەڵات، یا ئاستەکانی ململانێی فیکری، هەن. کێشەی هەرە قورس لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوەیە ئەو ململانێیە لەنێوان گروپە رادیکاڵە ئیسلامییەکان بەهەموو باڵەکانیانەوە و لەسەر ئاردوو ئاستی سوننە و شیعەکانەوە گەرمە، وێڕاییپشتیوانی ئەو دەولەت و حکومەتانەی ناوچەکە. ئەمەش بەو مانیە دێت کە لە ئێستادا پرۆسەی شکستی بە شارستانی کردن لە برەو دایە. لە ئێستادا هێزێکی وشیار و نیشتمانی نییە لەو نێوانەدا بەپێچەوانەی ئەو هێزە داخراوانە لەو ململانێیەدا بەشدار بێت، بۆیە شکستی ئەو بە شارستانی کردنە ڕۆژ بەڕۆژ لە بەهێزبوون دایە و پرۆسەی جینۆسایدیش لە هەموو سات و کاتەکاندا ئەگەری بەهێزن سەر هەڵ بدەن!.

کێشەی کورد ئەوەیە کە لەلایەک لە پەنا ناچاری وابەستەبوونی وڵاتەکەیان بە وڵاتانی دراوسێ و سەربەخۆ نەبوونیان، لەلایەکی دیکەوە، فەوزایەکی هەمە ئاراستە و فرە بەرژەندی ئەو ولاتانە وای کردووە، هێزە کوردیەکان لەسەر ئاستی هەندێک بژارەوە بە ئاسانی بکەونە نێو گەمەی ئەو ململانێیەی کە هیچ بەرژەوەندی کۆمەڵگای کوردی تێدا نییە. لەلایەکی دیکەشەوە شار و لادێ کورد نشینەکانیش پەرێزی پاوان نەکراو بن بۆ ئەو هیزە پاشڤەرۆیانەی کە کورد بە "ئەوی دی" دەزانن، واتە بە بەشێکی بێگانە و لەدەرەوەی خۆیان تەماشای دەکەن. ئەمەش وادەکات ئەگەری ڕوبەڕووبوونەوەیان بۆ جینۆساید هەمیشە ئەگەرێکی کراوە بێت.

سەرچاوە : ماڵپەڕی هاوڵاتی / ١٧ای تشرینی دووەم (نوامبر) ٢٠١٤

---

# دەربارەی گرنگیی فەرهەنگ لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا

د.سەپان

تەواوی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردی بخوێنەوە، تەواوی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنەکان سەیربکە، بەردەوام گوێ لەئێزگەکانی رادیۆکان رابگرە، بەدەگمەن بەرهەمێکی فەرهەنگی دەبینی، دەبیستی یان دەخوێنییەوە، تێدەگەی، زۆر کەم کار لەسەر ئەم لایەنە گرنگەی ژیان لەکۆمەڵگەی کوردەواری کراوە، لەهەمان کات، یەک وەزارەت بەناوی: «وەزارەتی رۆشنبیریو لاوان» لەحکومەتی هەرێم هەیە. لەم نووسینە باس لەناوی وەزارەت هەرناکەین، چونکە لێرە ناوی لاوان، زیاتر لایەنی وەرزشیمان دێنێتەوە بیر، نەک لایەنی پەروەردەو فەرهەنگو کتێبخانە، بۆیە پێکەوە گرێدانی ئەم دوو ناوە بەناوەڕۆک زۆر لەیەک دوور، هیچ پەیوەندی بەئامانجو ئەرکی وەزارەتی رۆشنبیرییەوە نییە، یانیش زۆر لێی دوورە.



---






حکومەتی هەرێمو وەزیرەکانی یەک لەدوای یەکی٢٣ ساڵەی ڕۆشنبیری کوردی، جارێ تێنەگەیشتوون، یان نەگەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی، هاووڵاتی تەنیا بەکەمی داهاتی ماددی هەژار نییە، بەڵکو هەژاری لەبوارەکانی فەرهەنگ، لەڕاستیدا کاریگەری زۆر خراپتری لەسەر کۆمەڵ بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ هەیە. لەوکاتەی باس لەفەرهەنگ دەکەین زیاتر مەبەستمان لە: بڵاوکراوەو چاپەمەنی، نەخشو نیگار، مۆسیقاو شانۆو سینەما...هتد، هەروەها هەموو ئەو بوارانەی پەیوەندی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان بەلایەنی روحیو ئەخلاقی مرۆڤەوە هەیە.

هەر میللەتێک لەوانەی سەرەوە بێبەشکرا، هەر حکومەتێک بودجەی پێویستی بۆ تەرخان نەکرد، داهاتووی تاریکو تەمومژاوییە. ناکرێ باس لەپەروەردەو خوێندن بکەین، بێ ئەوەی بیر لەچاپو چاپەمەنیو بوارەکانی دیکە نەکەینەوە. بۆ هیچ حکومەتو کەسێک هیچ پاساو قبووڵناکرێو بەهەند وەرناگیرێ، بەتایبەتیش لەوکاتەی بیر لەوتە مێژووییەکەی Winston Churchill لەپەرلەمانی بریتانیاو لەکاتی جەنگی دووەمی جیهان دەکەینەوە. لەوکاتەی فڕۆکەکانی ئەڵمانیایی نازی، لەسەر شاری لەندەن دەخولانەوەو بۆردومانیان دەکرد، هەندێک لەپەرلەمانتارانی بریتانی لەدانیشتنی ئەوجار، پێشنیازی کەمکردنەوە یان ڕاگرتنی بودجە لەبورای فەرهەنگی لەسەرۆک وەزیران Winston Churchill دەکەنو دەیانەوێ، تەواوی داهاتو پارەی وڵات تەنیا بۆ بەرگری لەهێرشی دوژمنو لەشکر تەرخان بکرێ، Winston Churchill، بێ ئەوەی یەک چرکە بووەستێ، بە یەک رستەی کورت وەڵامیان دەداتەوە: «چیمان دەمێنێ لەوکات، تا بەرگری لێبکەین؟» ئەو ئەم قسەیەی کرد، لەهەمان کات، وەک لەپێشەوە نووسیمان، فڕۆکەکانی هیتلەر لەئاسمانەوە شارەکانی بریتانیان بۆردومان دەکرد.

قوربانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، تەنیا لەسەد ساڵی رابردوو زیاد لەیەک ملیۆن کەس دەخەمڵێندرێ. لەهەموو ئەوکاتە، هەموو تاکێکی کورد بەخوێندەوارو نەخوێندەوارییەوە باش دەیزانی: حکومەتی ناوەندی، قەت ناتوانێت سەفین بۆ نەجەف بگوازێتەوە، قەت ناتوانێ دەشتی قەراو کەندێناوەو بتوێنو گەرمیان بۆ باشوورو ناوەڕاستی عیراق بگوازێتەوە. دەشیانزانێ، ڕژێمەکانی بەغدا، دەتوانن فەرهەنگی کورد بشێوێنن، زمان وێران کەن، کورد لەپرۆسەی پێشکەوتن دوا بخەن، نەوەیەک بەسەقەتی پەروەردە بکەن، کە شەرەفخانی بەتلیسیو ئەحمەدی خانێو نالیو حاجی قادر نەناسن. دوژمنانی کورد دەیانزانی، کوشتن یان خەفەکردنی فەرهەنگ لە لەناوبردنی میللەت بەچەک کاریگەرترەو مردنێکی لەسەر خۆیە. ئەوان دەیانزانی، ئەگەر رۆژێک کورد خۆشی ببێتە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ، لەبەر ئەوەی بناغەی فەرهەنگی ئیفلیجو لاوازە، زمانی یەکگرتووی نییە، شانۆو سینەماو چیرۆکو رۆمانو تابلۆی ئاست بەرزی نییە، بۆ ماوەیەکی گەلەک زۆر ئەو حکومەتە کوردییە، ئەو کۆمارەی کوردی بێ گرفت ناژی، با رەوشی ئابووری هاووڵاتیانو حکومەت لەبارو تەواویش بێ.

بایەخ نەدان بەلایەنی فەرهەنگی، راستەوخۆ کاریکردۆتە سەر پەروەردکردنی گەنجو نەوەی نوێ بەشێوەیەکی خراپ. زۆربەی هەرە زۆری ئەو گەنجانەی، لەپەیمانگاو زانکۆکانی کوردستان وەردەگیرێن، بێ ئەوەی لەژیانیان: یەک شانۆیان بینیبێ، یەک کتێبیاب خوێندبێتەوە، لەناوەڕۆک یان گرنگی فەرهەنگ گەشتبن. لێرە ماڵوێرانییەکە هەر بەوە ناوەستێو زۆر دوورتر دەڕوا، وەک ئەوەی ئێستا لەکوردستان دەیبینین. حکومەت پەیامی ئاگا یان بەپێچەوانە دەگا، چونکە ئاستی رۆشنبیری وەرگر وەک پێویست نییە، تا حکومەت بتوانێ پێشکەوتنو دواکەوتنو مافو ئەرکی هاووڵاتی بەئاسانی بۆ روون بکاتەوە. ئەمانە بوونەتە هۆی، زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی کوردستان ئامادەبن بەکۆلکە مەلایەکی کەمخوێندەوارو بێبڕوانامەی حوجرە باوەڕ بکەن، بەکارەکانی بەرچاوی حکومەتی کوردی باوەڕ نەکەن یان لەوەش خراپتر، بەلایانەوە هیچ گرنگ نەبێ.

زەربیەی بایەخنەدان بەلایەنی فەرهەنگی، لێرە کۆتایی نایەت، چونکە هەر ئەو گەنجانەی ئاستی رۆشنبیرییان سفرە یان کەمێک لەسەرووی سفرە، مەنتیق رێگە نادا، بەوەرگرتنی بڕوانامەی پەیمانگا یان زانکۆ، کادری باشیان لێدەربچێ، با باشترین مامۆستاشیان هەبێ، کەمن لەوەش گومانم هەیە.

چۆن ئەو گەنجانە، دەتوانن خزمەتی پێویستی نەتەوەی خۆیان بکەن، بەرنامەو پلانی تۆکمە بۆ داهاتووی وڵاتەکەیان دابرێژن، کە لەبنەڕەتەوە لەچالاکییەکانی فەرهەنگ بێبەشکراون.

حکومەتەکانی کوردی لەماوەی ٢٣ ساڵ حوکمڕانی خۆیو ئازادی کورد، نەیانتوانی هەق بەم پرسە گرنگەی کوردی بدەن، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەئەمنی قەومی کوردەوە هەیە. ئەگەر بایەخ بەلایەنی فەرهەنگی بدرێ، بودجەی پێویستی بۆ تەرخان بکرێ، لەوکات زۆر ئاسانترە یاسا سەروەر بێ، دیموکراتییەت گەشە بکات، خەڵک هێزی لەبن نەهاتوو و پشت ئەستوری حکومەت لەم قۆناغە ئاڵۆزو گرانە بێ. دەبێ فەرهەنگ بایەخی پێبدێ، توێژینەوەی لەسەر بکرێو وەک هەنگاوی یەکەم: لەهەر گەڕەکێک کتێبخانەیەک دروستبکرێ، شانۆو کتێبخانەی گەڕۆک هەبێ، ژمارەی مۆزەخانە زیاد بکرێ...هتد. جگە لەوانە، لەهەر کۆڵانەو خانووێک بۆ گەنجان دروست بکرێو لەوێندەر یارمەتییان بدرێو مامۆستایان بۆ دابندرێو فێری کتێب خوێندەوەو کاتبەسەربردن بەشێوەیەکی باش بکرێ.

توێژینەوەی زۆر دەربارەی پەروەردەکردنی گەنجانو داهاتووی ئەوان کراوەو لەوێندەر زۆر بەڕوونی پیشانیانداوە، کارکردنی زۆرتر لەسەر پرسیارەکانی ئێستاتیکو فەرهەنگ، لەزۆربەی بوارەکانی کۆمەڵ، دەرەنجامی باشی هەیەو حکومەت بەجۆری دیکە، خەرجییەکانی خۆی وەردەگرێتەوە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستانی نوێ / ڕێکەوتی : ٢٣ی جوولای ٢٠١٤

---

# ژیاننامەی جەیمس مەدیسۆن ٤ (خولەکانی سەرۆکایەتی

## (١٨٠٩ بۆ ١٨١٧)

**فرانک فریدێل و هاگ سیدەی**

**و: لە ئینگلیزیەوە: خەسرەو ئەڵماسی**

جەیمس مەدیسۆن، کە پیاوێکی کورتەباڵا و دموچاو لۆچایی بوو، لە کاتی دەستبەکاربوونیدا وەک سەرۆککۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە کەسێکی بەتەمەن و کۆنەکار دەردەکەوت؛ واشینتۆن ئیرڤینگ ئەوی وەک «سێوێکی بچووکی پێگەییو» پێناسە دەکرد. بەڵام سەرەڕای هەموو کەموکورتییەکانی مەدیسۆن لە رووی خوێن شیرینی و سەرنج راکێشیی سیمایدا، خێزانە خرپن و خۆش ئەندامەکەی، دۆڵی، بە گەرموگوڕی و بزەکانی تۆڵەی بۆ هاوسەرەکەی کردبۆوە. هەر دۆڵیش بوو کە ببووە هەوێنی خۆشبوونی کۆبوونەوەکان لە واشینتۆن.

مەدیسۆن لە ساڵی ١٧٥١ لە دایک بوو، وە لە ناوچەی ئۆرینج کاونتی لە ڤیرجینیا گەورە بوو. لە زانکۆی پرینستۆن (کە ئەو کات پێی دەوترا کۆلێژی

نیوجێرسی) خوێندی. وەک خوێندکارێکی بەشی مێژوو و دەوڵەتداری و هەروەها کەسێک کە خوێندنەوەی باشی لە بەشی یاسا هەبوو، لە داڕشتنی یاسای بنەڕەتیی ڤیرجینیا لە ساڵی ١٧٧٦ بەشدارییەکی کارای هەبوو، وە دواتر لە کۆنگرەی کۆنتینێنتاڵ خزمەتی بەرچاوی پێشکەش کرد و سەرکردە و ڕێبەرێکی دیاری ناو ئەنجومەنی ڤیرجینیا بوو.



کاتێک لێژنەکانی نوێنەر بۆ کۆنوانسیۆنی یاسای بنەڕەتی لە فیلادێلفیا کۆ بوونەوە، مادیسۆنی ٣٦ ساڵان چەندین جار و بە شێوەیەکی کاریگەر بەشداری مشتومڕ و دیبەیتەکانی کۆنوانسیۆنەکە کرد.

مەدیسۆن بە نووسینی وتارەکانی فیدراڵیستەکان، هاوڕێ لەگەڵ ئەلیکساندر هەمیلتۆن و جۆن جەی، توانی ڕۆڵێکی یارمەتیدەرانەی باش لە پەسند کردنی یاسای بنەڕەتی بگێڕێت. لە ساڵانی دواتردا، کاتێک ناوی مەدیسۆن وەک «باوکی یاسای بنەڕەتی» دەهێنرا، ئەو ڕەخنە و ناڕەزایی خۆی دەردەبڕی و ئاماژەی بەو ڕاستییە دەدا کە ئەو بەڵگەنامەیە «لە دایکبووی تەنیا یەک مێشک نەبووە»، بەڵکوو « زۆر مێشک و زۆر دەست کاریان تیادا کردووە».

لە کۆنگرەدا، ڕۆڵی کاریگەری هەبوو لە داڕشتنی پرۆژەیاسای مافەکان و بە یاسایی کردنی یاسا و ڕێساکانی داهات. لە ئەنجامی ڕێبەرایەتی ئەو لە دژایەتی کردنی پێشنیارە داراییەکانی هامیلتۆن، پارتی کۆمارییەکان، یا خود جێفرسۆنییەکان، بەردەوام لە پەرەسەندن و گەشەکردندا بوو. ئەو دژایەتییەش لەوەوە سەرچاوەی دەگرت کە مەدیسۆن پێی وابوو ئەو پێشنیارانە سامان و دەسەڵاتێکی ئێجگار زۆری بە دامەزراوە ماڵییەکانی باکوور دەبەخشی.

کاتێک وەک وەزیری دەرەوە لە کابینەکەی سەرۆک کۆمار جێفرسۆن کاری دەکرد، دژی چوونە ناو شەڕەوە بوو بەرامبەر فەرەنسا و بەریتانیا کە دەست بە سەرداگرتنی باخیرەکانی ئەمریکا لە لایەن ئەو دوو وڵاتەوە پێچەوانەی یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان بوو. جۆن ڕاندۆڵف تانەی لە ناڕەزایەتییەکانی مەدیسۆن دەداو وەک « ناملیکەیەکی پڕ مقۆ مقۆ کە لە دژی هەشت سەد کەشتیی شەڕ، فڕێ درایە گۆڕێ» پێناسەی دەکرد.

سەرەڕای یاسا ناخۆشەویستەکەی گەمارۆکانی ساڵی ١٨٠٧، کە نە تەنیا نەیتوانی هیچ گۆڕانکارییەک لە هەڵسوکەتی وڵاتانی تێوەگلاو لە شەڕدا بێنێتە ئاراوە بەڵکوو ببووە هۆی سستبوونی چالاکی ئابووری لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، مەدیسۆن لە ساڵی ١٨٠٨دا وەک سەرۆککۆمار هەڵبژێردرا. پێش ئەوەی جڵەوی دەسەڵات بگرێتە دەست، یاسای گەمارۆکان پووچەڵ کرابۆوە.

لە ماوەی ساڵی یەکەمی دەسەڵاتداری مەدیسۆندا، ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەنجامدانی کاری بازرگانی لەگەڵ هەر دوو وڵاتی بەریتانیا و فەرەنسا قەدەغە کرد؛ پاشان لە مانگی مەی ساڵی ١٨١٠، کۆنگرە دەسەڵاتی ئەنجامدانی بازرگانی لەگەڵ هەر دوو وڵات پێدا کە داوای لە سەرۆک کۆمار دەکرد ئەگەر هەر کام لەو دوو وڵاتە، هەڵوێستیی مافەکانی بێلایەنەی ئەمریکای پەسند کرد، ئەوا بازرگانیکردن لەگەڵ وڵاتەکەی دیکە قەدەغە بکات.

ناپیلیۆن خۆی وا دەرخست کە پێڕەوی لەو مەرجانە دەکات. بۆیە لە کۆتایی ساڵی ١٨١٠، مەدیسۆن دۆخی مامەڵە نەکردن لەگەڵ بەریتانیای گەورەی ڕاگەیاند. تەنانەت لە ناو کۆنگرەدا، هەندێک لە ئەندامە گەنجەکانی وەک هێنرێ کلەی و جۆن سی. کەلهاون کە بە «هەڵۆکانی شەڕ» ناویان دەرکردبوو،

بەردەوام گوشاری زیاتریان دەخستە سەر سەرۆککۆمار بۆ ئەوەی سیاسەتێکی شەڕکەرانەتر و هێرشبەرانەتر بگرێتە بەر.

گوشار خستنە سەر دەریاوانانی ئەمریکا و هەروها دەست بە سەرداگرتنی باری ئەمریکایی لە لایەن بەریتانیاوە، وای لە مەدیسۆن کرد تەسلیمی زەخت و گوشارەکانی «هەڵۆکانی شەڕ» بێت و لە ئاکامدا، لە ڕۆژی یەکەمی ژوئەنی ساڵی١٨١٢، داوای لە کۆنگرە کرد شەڕ رابگەیەنێت.

گەلی تازەپێگەیشتووی ئەمریکا ئامادەی شەڕ نەبوون؛ هێزەکانی ئەمریکا تووشی لێدان و شکستێکی گەورە هاتن. بەریتانییەکان چوونە ناو واشینتۆن و ئاگریان لە کۆشکی سپی و باڵەخانەی کۆنگرە بەردا.

بەڵام چەند سەرکەوتنێکی دەریایی و سەربازیی بەرچاو، کە بە باڵادەستیی ژەنراڵ ئەندرو جاکسۆن لە ویلایەتی نیو ئۆرڵینز گەیشتنە لووتکە، ئەو باوەڕەی لای گەلی ئەمریکا دروست کرد کە شەڕی ١٨١٢ بۆ ئەوان سەرکەوتنێکی مەزن بوو. ئەو باوەڕەش، شەپۆلێکی بەرفراوانی ناسیۆناڵیزمی لێکەوتەوە. فێدراڵیستەکانی ئینگلیستانی نوێ کە دژایەتی خۆیان بۆ شەڕەکە راگەیاندبوو – وە تەنانەت باسوخواسی جیابوونەوەشیان هێنابووە گۆڕێ – بە تەواوی لەبەر چاوی خەڵکی کەوتن و بیروڕاکانیان رەت کرایەوە کە فێدراڵیزم وەک پارتێکی نەتەوەیی بوونی نەما.

لە کاتی خانەنشینبوونی لە مۆنتپیلیەر، موڵک و سامانەکەی خۆی لە ئۆرینج کاونتی لە ڤیرجینیا، بە راشکاوی دژی کاریگەرییە خراپەکانی مافە زیادەکانی ویلایەتەکان گوتارێکی پێشکەش کرد کە لە ماوەی دە ساڵەی ١٨٣٠دا، هەڕەشەی لێکترازان و هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی فێدراڵی لێکەوتەوە. مەدیسۆن لە نووسراوێکیدا کە دوای مردنی لە ساڵی ١٨٣٦دا کرایەوە ئاماژە بەوە دەدات: « ئەو ئامۆژگارییەی کە لە ناخی دڵمەوە و بەو پەڕی باوەڕپێبوونمەوە دەمەوێت بیکەم ئەوەیە کە یەکیەتیی ویلایەتەکان رێزی لێ بگیرێت و بۆ هەتا هەتایە بهێڵدرێتەوە».

لە ژمارە ٦٤٣ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕیکەوتی : ٦ی نوامبری ٢٠١٤



## Rebendan ٢٧١٤ ڕێبەندان

| شەممە | یەک شەممە | دوو شەممە | سێ شەممە | چوار شەممە | پێنج شەممە | هەینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ١ 21 | ٢ 22 | ٣ 23 |
| ٤ 24 | ٥ 25 | ٦ 26 | ٧ 27 | ٨ 28 | ٩ 29 | ١٠ 30 |
| ١١ 31 | ١٢ Feb 1 | ١٣ 2 | ١٤ 3 | ١٥ 4 | ١٦ 5 | ١٧ 6 |
| ١٨ 7 | ١٩ 8 | ٢٠ 9 | ٢١ 10 | ٢٢ 11 | ٢٣ 12 | ٢٤ 13 |
| ٢٥ 14 | ٢٦ 15 | ٢٧ 16 | ٢٨ 17 | ٢٩ 18 | ٣٠ 19 | |
| | | | | | | ڕەحمان نەقشی |

گۆڤاری ئینتێرنێتی یەکبوون گۆڤارێکی سەربەخۆی مانگانەیە. لە ئامادە و بڵاو کردنەوەی : ڕەحمان نەقشی
r_ neqsi@yahoo.ca